حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلان دانان

دەستەی ئاماری هەرێم

# ڕووپێوی سەرتاسەری تایبەت دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئافرەتانی عێراقی

## (I-WISH ٢٠١١)

ڕا پۆرتی کورتکراوەی - هەرێمی کوردستان

ئادار 2012

# تیمی کار

## لیژنەی باڵا

- سیروان محمد محی الدین / سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- محمد صابر أومر / بەڕێوەبەری پێشکەوتوو
- محمود عثمان معروف / بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی
- حسین کاکل خضر / بەڕێوەبەری ئاماری هەولێر
- چیاڤان عبدالرزاق سلیمان / بەڕێوەبەری ئاماری دهۆك
- علی صالح علی / بەڕێوەبەری ئاماری گەرمیان
- د.ڕەند عبدالرضی صالح / وەزارەتی تەندروستی
- کفاح سالم عبود / وەزارەتی تەندروستی
- محسن محمد عزت / سەرۆکی ئامارگری پێشکەوتوو / بەڕێوەبەری ڕووپێو
- دیمەن حسن عزیز / یاریدەدەری سەرۆکی ڕووپێو

## لیژنەی هونەری

- سمیر عبدالصمد سلیمان / سەرۆکی ئامارگری پێشکەوتوو
- عامر شێخ محمد / سەرۆکی تێبینەران

## لیژنەی کارگێری

- عمر طاهر عزیز / شارەزا
- دیلمان محمود سلیمان / یاریدەدەری بەڕێوەبەر

## لیژنەی دارایی

- واجیدە محمد عزو / ژمێریار
- کوردستان نجات سامی / تێبینەر
- أمیر خضر اسماعیل / پۆستەچی

## شارەزایانی نێودەوڵەتی

- د. لؤی شبانە / سندوقی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دانیشتوان
- حیدر رشید / سندوقی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دانیشتوان
- د. أحمد عبدالمنعم / پرۆژەی عەرەبی بۆ تەندروستی وخێزان
- منی أحمد السید / پرۆژەی عەرەبی بۆ تەندروستی وخێزان

## لێژنەی هەڵبژاردنی سامپڵ

- سامان عبدالرزاق احمد / سەرۆکی ئامارگر
- هەوراز سعدی رؤوف / ی. ئامارگر
- سولاف صابر مصطفی / ئامارگر

## تیمی سەرپەرشتیارانی ناوەندی

- مازن فتح الله محمد / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر
- ئاراس جلال محمد / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی
- سۆران غفور سليم / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی
- زانا مجيد محمد / بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان

## تیمی سەرپەرشتیارانی ناوخۆیی

- د.ئاسك جلال جبرائيل / وەزارەتی تەندروستی
- د.تابان محمد صالح / فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی
- د.هناء دانيال اوراهم / فەرمانگەی تەندروستی دهۆك

## تیمی ئامادەکردنی ڕاپۆرت

- محسن محمد عزت / سەرۆکی ئامارگری پێشکەوتوو
- هەوراز سعدی رؤوف / ی. ئامارگر
- محمد تۆفيق رسول / ئامارگر
- بەشدار ايوب كريم / ئامارگر

## پێشکەشە

بە پێی ئەوەی کە بۆمان هاتووە لە بنەماکانی جاڕدانی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ساڵی ( 1948 ) کارەکانمان وە گیانی پابەندبوونمان بەرێککەوتن و بەڵێننامە نێودەوڵەتیەکانی کە بانگەشەی مافی ئافرەت دەکات بەتایبەت کۆنگرەی گشتی چوارەم بۆ ئامار ( پرۆگرامی کار لە پەکین ساڵی 1995 ) وە کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ دانیشتوان و گەشە پێدان ( ICPD- 1994 ) کە دەست پێشخەری وەزارەتی پلان دانان دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە هاوکاری ڕێکخستنی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری بەغداد و بەهاوکاری هاوبەشی و پشتگیری لە سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA ) و پڕۆژەی عەرەبی بۆ تەندروستی خێزان (PAPFAM ) بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕووپێوی سەرتاسەری تایبەت دەربارەی بارودۆخی کۆمەلایەتی و تەندروستی ئافرەتانی عێراقی (I-WISH ) لە پێناو دەستکەوتنی داتاکان و ئامارەکان لە گوزارشت و ڕەنگدانەوەی ژیانی ئافرەت لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیان هەر لە سەرەتای هەرزەکاریەوە تا قۆناغی دایکایەتی و وەچەخستنەوە و تا قۆناغی سستی. لەم ڕووپێوەدا هاتووە سەرەڕای ئەوەی کە داتای گرینگ بەدی دەکرێت لەسەر بژێوی خێزانی پیاوان و ئافرەتان وە ئەوانەی کەدڵسۆزن بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە ئافرەت، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر لەسەر ئافرەت کە دەکرێت دەربرێت بەژمارەی ئامارییی کە دەوری ئافرەت دەدات و کاریگەری و شوێنەواری لەسەر زمان و هەڵسوکەوت و تەندروستی گشتی و توانستی خێزانی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری.

ئاما نجی ڕووپێو دەست کەوتنی زانیاری وورد و گشتگیرە بەڕوونی دەربارەی ئافرەت لە زۆر لایەن وە لەوە زیاترە کە ڕۆڵی ئافرەت تەنها منداڵبوون و پەروەردەی منداڵ بێت، هەروەها توێژینەوەکە باس لە ئافرەتانی ڕۆشنبیرو پڕ لەزانیاری دەکات وە لەکاتی سەرەتای تەمەنیان تاکو قۆناغی شووکردن و دایکایەتی و چاودێری بارودۆخی تەندروستیان لەکاتی دووگیانی و لەدایك بوون و دوور کەوتنەوە لەترس ومەرگ و نەخۆشی بەهۆکاری جۆراوجۆر لە نێوانیاندا دروست بوونی هەندێ شتی وەرگیراو لەبارو گوزەرانی بژێوی ولەژێر بارودۆخی داب و نەریتی جۆراوجۆر. هەروەها تیشك خستنە سەر ئەوەی کە ئافرەت دووچاری دەبێت. لە پیادە کردنی هەڵەی هەمەجۆر لە کۆمەڵ و تاکی خێزان لەتووندو تیژی بۆ زانینی شوێنی بڵاوبوونەوە و بەرپابوونی وە گەڕان بەدوای هۆکارەکانی،وە بانگەشەی لەسەر تەندروستی و ڕەفتاری ئافرەت وە ئەوەی دووچاری دەبێت لە نا یەکسانی لە نێوان خێزان یان ئافرەت خۆی یان لە ڕوانگەی پیاو بۆ ئافرەت یان کۆمەڵگە. بەخۆشحاڵییەوە ئەمڕۆ ئەمە دەخەینە بەردەستی توێژەران و لێکۆڵەران و بڕیاردەران وە کارناسانی بواری گەشە و توانای ئافرەت. کۆمەڵێکی گرینگە لە نیشاندەرەکانی ئامار دەربارەی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و تەندرووستی بۆ ئافرەت. تاوەکوو جێ بەجێ کردنەکە بەرەو گۆڕانی واقعی ئافرەت و گەشەی ئاستەکان کە شایستەی پایەی ئەو بێت لە کۆمەڵگە. لەمیانەی دانانی ستراتیجیەت و وێنەی ڕامیارییە گونجاوەکان، ئەم ڕووپێوە تەنها سەرەتایەکە بەرەو توێژینەوەکانی جۆراو جۆر لە کێشەکانی ئافرەت لەتوانا و یەکسانی و سەرهەڵدانی توندوتیژی و بنیات نرابێ لەسەر جۆری کۆمەڵایەتی، وەهیتر وەك توێژینەوەکانی شیکاریی قووڵ .

**د.علی سندی**

**وەزیری پلان دانان**

## سوپاس و پێزانین

خۆشحاڵین کە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی خێزانە عێراقییەکان بکەین بە شێوەیەکی گشتی و کوردستان بەتایبەت و ئافرەتان بەتایبەت بۆ ئەو هاریکارییەی لەگەڵ تیمەکانی کار و خۆپالاوتنی داتاکان وە بۆ هەموو ئەوانەی هاریکاری و پشتگیری بە دەست هێنانی ئەو پرۆژە گەورەیە بوون.

وە بەتایبەت بیرمان بێ ( د.مهدی محسین العلاق ) بریکاری وەزارەتی پلان دانان و سەرۆکی دەزگای ناوەندی ئامار لە بەغداد.

وە هەروەها ئاماژە دەکەین بەرۆلی سەرەکی ( د.ضیاء عواد کاظم ) وە بەرێزانی بەڕێوەبەرەکانی ئاماری پارێزگاکان وە سەرپەرشتیارانی هەموو بنکە و هەموو شوێن و هەموو بەشداربووانی سەرخەری کاری مەیدانی .

وە لێرە وە ئاماژە بە پشتگیری ماددی و هونەری دەکەین کە پێشکەش کراوە لەلایەن سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ دانیشتووان ( UNFPA ) بۆ جێبەجێ کردنی ئەم رووپێوە بەتایبەت (د.لؤی شبانه ) سەرۆکی شارەزایانی سندووق / نووسینگەی عێراق وە یاریدەدەرەکەی بەرێز ( حەیدەر رەشید ) وە خاتوو ( ضافرة الشاوی ) هەروەها بەرێز ( محمود خۆشناو ) ( رێکخەری سندووقی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دانیشتووان لە هەولێر). وە ئاماژە بە پشتگیری هونەری دەکەین لە پرۆژەی عەرەبی بۆ تەندروستی خێزان. ( PAPFAM ) لەرێگەی ( د.احمد عبدالمنعم ) وە خاتوو ( منى احمد سيد ) .

وە سوپاسمان بگات بە هەموو ئەوانەی ماندوو بوون لەگەڵ کادیران بەهاوکاری و رۆشنبیری و پێشکەشکاری و رێکخستن هەروەها بۆ لایەنی کارگێری و هونەری لە دەستەی ئامار لەسەروویانەوە بەرێز ( محسين محمد عزت ) ( بەرێوەبەری پرۆژە لە دەستەی ئامار ) و خاتوو ( دیمەن حەسەن عەزیز ) بەرێوەبەری کاری مەیدانی وە ( سۆران بەختیار ) بەرپرسی تۆمارکردنی داتا.

سوپاسی گشت کادیران دەکەین لە دەزگای ناوەندی بۆ ئامار وە ئەوانەی هاریکاری دەستە بوون لە سەرەتای کارەکە تا کۆتایی .

سیروان محمد محى الدين

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

نیسان 2012

# لیستی پێکهاتەکان

| بابەت | | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | سوپاس پێزانین | |
| | پێشکەشە | |


| | | |
|---|---|---|
| 1 | پێشەکی | 11 |
| 1-1 | ئامانجی ڕووپێو | 11 |
| 2-1 | سامپڵی ڕووپێو | 11 |
| 3-1 | پرۆگرامی کار | 12 |
| 4-1 | فۆڕمی ڕووپێو | 13 |
| 5-1 | تێگەیشتن و دەستەواژەکان | 14 |
| 6-1 | پوختەی ڕێکاری پراکتیکی مەیدانی | 16 |
| 7-1 | پوختەی گرینگترین نیشاندەرەکان | 17 |
| 2 | تایبە تمەندی دیمۆگرافی بۆ تاکەکانی سامپڵ | 24 |
| 1-2 | قەبارەی خێزان | 24 |
| 2-2 | پێکهاتەی تەمەن وجۆری بۆ دانیشتوان | 24 |
| 3-2 | باری هاوسەرگیری | 24 |
| 3 | زانیاری و هەڵسوکەوتەکانی کچانی کوردستانی ( 10 – 14 ) ساڵی | 25 |
| 1-3 | فێربوون | 25 |
| 2-3 | یەکسانی و ئارامی خێزان | 25 |
| 3-3 | ئامادەکردنی کچان بۆ خولی وەچەخستنەوە | 27 |
| 4 | تەندروستی وەچەخستنەوە ( الصحة الانجابیة ) | 28 |
| 1-4 | تەمەن لەهاوسەرگیری یەکەم وە سەرەتای وەچەخستنەوە | 28 |
| 2-4 | توانای وەچەخستنەوە ( الخصوبة ) | 28 |
| 3-4 | بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕێکخستنی خێزان | 28 |
| 4-4 | تێروتەسەلی وەچەخستنەوە | 29 |
| 5-4 | چاودێری دایکان | 30 |
| 6-4 | نەخۆشیەکانی پەیوەست بە وەچەخستنەوە | 31 |
| 7-4 | چاودێری تەندروستی | 31 |
| 8-4 | نەخۆشیە گوازراوە ڕەگەزیەکان | 31 |

| بابەت | | لاپەڕە |
|---|---|---|


5 توانای ئافرەت و پارێزگاری لە توندوتیژی 32
1-5 بەشداری ئافرەت 32
2-5 بیروڕاکان ڕووەو توندوتیژی 33
3-5 توندوتیژی دژی ئافرەت 35
4-5 ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی 36

6 بەساڵاچوان (55 ساڵ و زیاتر) 37
1-6 بارودۆخی تەندروستی 37
2-6 بارودۆخی کۆمەڵایەتی 38

7 بیروبۆچونەکان و بەشداری پیاوان 39

# پێشەكی

ئەم ڕووپێوە بەیەكەم ڕووپێو هەژمار دەكرێت لەم جۆرە لەعێراق كە دەستەی ئاماری هەرێم جێ بەجێی دەكات بە هاوكاری لەگەڵ سندووقی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ دانیشتووان (UNFPA) و پرۆژەی عەرەبی بۆ تەندروستی و خێزان (PAPAFAM) بابەتەكە باس لەتوێژینەوەی بازنەی ژیانی ئافرەتە عێراقییەكانە. لەزۆر تەوەر پێك دێت وەك تەندروستی گشتی و تەندروستی وەچەخستنەوە وە هەروەها كێشەی توندو تیژی دژی ئافرەتان وە ئەوەی پەیوەستە بە بارودۆخی كۆمەڵایەتی و ئابووری ژیانی ئافرەتەوە.

ئەوە بۆ زیاتر نزیك بوون لەو ڕاستیە كەوا ئافرەت تێیدا دەگوزەرێ بە قۆناغە جیاجیاكانی ژیان و بۆ بنیاتنانی بنچینەیەكی داتاكان لەسەر كێشە كۆمەڵایەتیەكان , وە ئەم داتایانە تاكە وێنەن وەك هەنگاوی یەكەم لەرێگەچارەی كێشەكانی ئافرەتان و خاڵی سەرەتا بۆ تۆژینەوەو شیكردنەوە بۆ ئەوانەی لێكۆڵینەوە و توێژینەوە ئەنجام دەدەن و بایەخ بە پرس و تواناكانی ئافرەتان و بەهێزكردنی ڕۆڵیان لەژیان دەدەن.

گەشەكردنی ڕۆڵی ئافرەت لە ووڵات كە جێی گرنگی پێدانە لەماوەی كاركردنی لەزۆر بواری ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕامیاری. ئەم ڕۆڵەی پێویستی بە بەهێزكردن و چاودێری تایبەت بۆ مافە بنچینەیی و ڕەخساندنی گشت ئاسانكارییەكان بە گوێرەی توانا و چاككردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و كۆمەڵایەتی.

ئەوەی نوێ بێ لەم ڕووپێوە سەرنجی ئافرەت نادات لەیەك لایەن كە منداڵبوون و پەروەردەی منداڵە بە تەنها. بەڵكو توێژینەوەكە وەك كاریگەری كۆمەڵایەتی و ئابووری و باری گوزەرانی ماڵ وە ئەوەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە بەدرێژایی ژیانی و ڕەنگدانەوەی هەیە بۆ سەرقۆناغەكانی ژیان .

## 1-1 ئامانجی ڕووپێو:

ئامانجی دەستخستنی یاساو بنچینەی داتا گشتگیرەكان لەسەر كێشەی جۆری كۆمەڵایەتی و لێكۆڵینەوەی بارودۆخی ئافرەتان و ئەوەی دووچاری دێت لەدرێژایی ژیانی جۆراوجۆری، هەر لەدەستپێكردنی چوونە ناو ماوەی هەرزەكاری و ئینجا وەچەخستنەوە و تاوەكو كۆتایی قۆناغی بەساڵاچوونی تەمەنی . بە ئومێدی بەدەست هێنانی زانیاری گرنگ بۆ سیاسە تمەدارو بڕیاردەر و گشت لایەنەكانی كە پەیوەست بە بایەخ و چاككردنی خزمەتگوزاری بنەڕەتی پێشكەش بە ئافرەت ، وە هەڵسان بە بەهێزكردنی ستراتیجیەت و بووژانەوەی بواری ئافرەتان .

## 1-2 سامپلی ڕووپێو (عینة المسح):

ڕووپێوەكە سێ پارێزگای هەرێمی گرتۆتەوە، (2970) خێزان هەڵبژێردران لە ڕێگای بەكارهێنانی چوارچێوەی ئامادەكراو لە پرۆسەی گەماڕۆسازی و ژمارە دانانی ساڵی 2009، لە ماوەی ڕاكێشانی سامپلی هێشوویی فرە قۆناغ دەگرێتەوە بەبێ لایەنی و ڕەمەكی كردن وە بەشێوەی گشتگیر بۆ هەموو قەزاكان و گەیشتن بەخێزان لەگەرەك و كۆڵان و گوندەكان هەروەك دابەشبوونی خێزانی بژێوەیی لەسەر شێوەی هێشوویی بژاردنی ڕەمەكی كە شەش خێزانی بژێوەیی دەگرێتەوە لەهەر هێشوویەك وە بە قەبارەی (15) هێشوویی بۆ هەر قەزایەك،وە (90) خێزان هەڵبژێردرایە بە شێوەیەكی گونجاو لەگەڵ هاوسەنگی لە شارنشین و گوندنشین لە قەزا. بەمەش ژمارەی هێشووەكان دەگاتە (495) هێشوو لە (33) قەزا.

## 1-3 پرۆگرامی کار

ڕووپێوەکە گشت پارێزگاکانی هەرێم دەگرێتەوە. دانانی پلانێکی تێرو تەسەل و کاتەکان بۆ دەست خستنی قۆناغەکانی کار. دەتوانین کۆیان بکەینەوە بەم شێوە:

١ - ناونانی لیژنەکانی باڵاو هونەری و کارگێری و دارایی بۆ ڕووپێوەکە بە فەرمانی کارگێری، تەواو کردنی گشت ئامادەکاری سەرەتایی کارەکانی نووسینگەیی و ئامادەسازی پێداویستی و پرس و ڕاکردن بەلایەنی سوودمەندو هاوبەشەکان.

2 - ناونانی توێژەرەوەکان کە دابەش بوون بە شێوەی تیمی کار کە 3 کەس لەهەر قەزایەك وە بە قەبارەی (99) توێژەر. وە لەئەمانە (66) توێژەر لەبەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگاکان،وە (33) توێژەر لەبەڕێوەبەرایەتی تەندرووستی،لەگەڵ سەرپەرشتیارانی ناوەندی لەبەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگاکان کە ژمارەیان (4) سەرپەرەشتیارە، وە (4) کەس لەسەرپەرەشتیارانی ناوخۆ لەوەزارەستی تەندروستی، وە (12) ووردبینی ناوخۆیی وە، وە (2) ڕێکخەر لەدەستەی ئاماری هەرێم.

3 - بەستنی کۆبوونەوەی ئامادەکاری لە نێوان دەستەی ئاماری هەرێم و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان . بۆ بنیاتنانی بابەتەکان کە ڕووپێو دەیانگرێتەوە وە پرسیارەکان و چۆنیەتی شێوازی دارشتن و ئامادەکردنی پرۆگرامی تایبەت بەم ڕووپێووە و دەربارەی تێگەیشتن و پەیوەندی ئەم ڕووپێوە لەگەڵ ڕووپێوی هێشوویی فرە نیشاندەرەکان (MICS -4) . شایەنی باسە ئەم سامپڵە کە پشتی پێ دەبەستێ لە ڕووپێو وەك 50٪ ی لەسامپڵی ڕووپێوی هێشوویی فرە نیشاندەرە (MICS -4) وەك ئەمانە.

هەڵبژاردنی (31) هێشوو بۆ هەر قەزایەك لە (MICS -4) دا هەموو هێشوویێك (10) خێزانە لە کاتێکدا لە ڕووپێوی سەرتاسەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئافرەتی عێراقی (I -WISH) هەڵبژاردنی (15) هێشووە بۆ هەر قەزایەك وە هەر هێشوویێك (6) خێزانە، ئەمەش بۆ تەواوکردن و پەیوەندی نیشاندەرەکان و داتاکانی نێوان ڕووپێوی سەرتاسەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئافرەتی عێراقی (I-WISH) .وە ڕووپێوەی هێشوویی فرە نیشاندەر (MICS -4) بۆ دەستخستنی بڕێکی زۆر لەزانیاری بەبێ بارگرانکردنی خێزان بە دووبارە کردنەوەی زۆر پرسیارکردن،وە لە (2970) خێزان تەنها چاوپێکەوتنی (2885) خێزان تەواو بووە بە سەرکەوتوویی.

4 - ڕاهێنان لە قاهیرە لەسەر سیستەمی ئەلیکترۆنی تایبەت بە فۆرمەکانی ڕووپێو کرا،وە ئەمەش بە هاوکاری لەگەڵ پرۆژەی عەرەبی بۆ تەندروستی خێزان (PAPAFAM) و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان (UNFPA).

5 - جێ بەجێ کردنی خولی ڕاهێنان لەهەولێر بۆ ئامادەکردنی ڕاهێنەران لەسەر فۆرمی ڕووپێوی کۆتایی .کە تێیدا (49) ڕاهێنەر بەشداربوون کە هەڵبژاردران بۆ لیژنەی هونەری، وە ڕاهێنەران لە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگاکان و ڕێکخەرەکانی ناوەندیی بوون.

6 - ئامادەکردنی بەڵگەی ڕاهێنانی و زانیاری تایبەت بە ووردبینی،وە پرۆگرامی خولەکانی ڕاهێنانی ناوخۆیی بۆ گشت پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان،بۆ (120) ڕاهێنەر بە پێی دیزاینی ڕووپێو و کۆمەڵگەی مەبەست بۆ توێژینەوەکە.

## 4-1 فۆڕمی ڕووپێو

فۆڕمی ڕووپێوەکە وا دانراوە کە گونجاو بێت لەگەڵ سووری ژیان، کە فۆڕمی سەرەکی و لقە فۆرم دەگرێتەوە، کە ئاراستەی کەسانی دیاریکراو دەکرێت لەهەر خێزانێکدا. (6) جۆر فۆڕمە بۆ ڕووپێوی سەرتاسەری تایبەت دەربارەی باردۆخی کۆمەلایەتی و تەندروستی ئافرەتانی عێراقی (WISH-I) بۆ ساڵی 2011 بەپێی بابەت و کەسی مەبەست بۆ توێژینەوە، بەم جۆرەی خوارەوە:

1. فۆڕمی بژێوەیی خێزان: ئەم فۆڕمە تایبە تمەندی دیمۆگرافییە بۆ بژێوەیی تاکەکانی خێزان. وە لەو ماوەیەدا گونجانی تاکەکان بۆ فۆڕمی تر .

2. فۆڕمی کچانی (10- 14) ساڵ کە پێش تر هاوسەرگیرییان نەکردووە: ئەم فۆڕمە تایبەتە بە کچانی هەرزەکار (10- 14) ساڵ کە ئەم فۆڕمە زانیاری و هەڵسوکەوتەکان بۆ باردۆخی کۆمەلایەتی، و زانیاری کێشە تەندروستیەکان وە ڕۆڵی وەچەخستنەوە و زانیاری بە ماف و ئەرکەکان و زانیاری بە مافی فێربوون و ژیان و ئارامی و پاراستنی لە توندوتیژی لەگەڵ دیاری کردنی بوارەکانی کە پێویستی زیاتر بە زانیاری هەیە دەربارەی.

3. فۆڕمی تەندروستی و وەچەخستنەوەی ئافرەتانی هاوسەردار یان پێشتر هاوسەرگیرییان کردووە (15 -49) ساڵی: ئەم فۆڕمە وێنەیە بۆ لایەنی لاسایی لەجۆری ڕووپێوی ئەنجامدراو کە تایبەتە بە ئافرەتانی کاتی ڕووپێودا یان پێش تر هاوسەرگیرییان کردووە،کە فۆڕمەکە باس لە باکگراوەندی کەسەکە و سەرچاوەکانی ئابووری و هاوسەرگیری،وەچەخستنەوە و مردنی منداڵان و چاودێری دایکایەتی بۆ دوا وەچەی زیندوو لەماوەی ئەم 5 ساڵەی رابردوو دەکات لەسەر ڕووپێو. وە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی درێژخایەن و تێکچوونی تەندروستی بەهۆی پەیدابوونی نەخۆشی ئایدز وە نەخۆشی گوازراوە لەرێگەی ڕەگەزبازی لەگەڵ ڕێکخستنی خێزانو ئاراستەکانی ڕەفتار و بەشداریکردن و یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە، وە توندوتیژی دژی ئافرەت وە هەوڵی فەرمی بۆ بوژانەوەی، وە لایەنەکانی کە ئافرەت پەنای بۆ دەبات لەبەر توندوتیژی.

4. فۆڕمی ئافرەتانی 55 ساڵ و زیاتر: ئەم فۆڕمە وێنەی شتێکی نوێیە بۆ ڕووپێوی تەندروستی و دیمۆگرافی کە جەخت لەسەر بەساڵاچوان وە تەمەنداران دەکات لەئافرەتان لەبەر ئەوەی تێکرای مانەوە لەژیانیان بە شێوەیەکی نزمە بە گشتی لەعێراق لەبەر هۆی کەمی زانیاری دەربارەی بەسەلاچوان، کە لیژنەی هونەری پرۆژە بڕیاریدا کە ئەوەش بکرێتەوە لەفۆڕمی ڕووپێوی گشت ئافرەتانی 55 ساڵ و زیاتر. کە ئەم فۆڕمە باردۆخی گشتی ئافرەتانی تەمەندار و چاودێری تەندروستی بۆ بەساڵاچووەکان ارای بۆ دوارۆژ. لەگەڵ ئەوەش کە توندو تیژی دژیان دەکرێت.

5. فۆڕمی پیاوانی 18 ساڵ زیاتر: ئەم فۆڕمە شتێکی نوێیە بۆ ڕووپێو کردنی دیمۆگرافی کە جەخت لەسەر گشتگیری لەپرسی ئافرەتو هەرچەندە پیاویش رۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لەراستی و واقیعی ئافرەتو گەشەو خۆشگوزارییەکانی. وە هەر پرۆگرامێك بۆ پشتگیری ئافرەت هەبێ پیاوان فەرامۆش ناکرێن لەهۆشیارکردنو هاوکاری کردن بۆ پشتگیری ئافرەت. ئەم فۆڕمە زانیاری پیاوان بە تەندروستی وەچەخستنەوە و هەڵس و کەوتەکانی پیاوان بەرانبەر ئافرەت وە هەڵوێستی پیاو بەرامبەر بە کێشەی ئافرەت.

**6.** فۆڕمی ئافرەتانی (15-54) ساڵی، ئەوانەی کە پێش تر هاوسەرگیرییان نەکردووە وە ئەوانەی(50-54) کە هاوسەرگیرییان کردووە: ئەم فۆڕمە ئاراستەی ئەو ئافرەتانە دەکرێ کەپێشتر هاوسەرگیرییان نەکردووە، وە بەشێك تەواوکەری ئەوانەیە کە پێش تر هاوسەرگیرییان کردووە، لەتەمەنی (50-54) ئەمە کەلێنێکە لەنێوان فۆڕمی تەندروستی وەچەخستنەوە و فۆڕمی بەساڵاچوان. لەم فۆڕمە باس لەتواناو بەشداری و یەکسانی نێوان هەردوو رەگەز دەکات، وە توندو تیژی دژی ئافرەتان.

## 1-5 تێگەیشتن و دەستەواژەکان

**جۆری کۆمەڵایەتی:** وادانانی ناکۆکی نێوان ڕۆڵی پیاو و ئافرەت بۆ هەر یەك لەداب و نەریت و ڕوانینی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بە هۆی پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگە. ئەم بۆچوونە وادانانە بۆ ڕۆڵ و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پایەی ، کە کۆمەڵگە دیاری دەکات بۆ هەریەك لەم دوو ڕەگەزە وە ئاکامێکە بۆ ڕۆشنبیری فرەوان و ئایین و داب و نەریت و پێوەرەکانی کۆمەڵایەتی وە پێویستی ئابووری وە بەسروشتی خۆی، کۆمەڵێك پێشبینی و بۆچوون و پەیڕەوی هاوبەش لەهەڵس و کەوتەکان کە دانی پێدانراوە وە گونجاوە بۆ پیاوان و ئافرەتان لەلایەنی کۆمەڵایەتی.

**یەکسانی:** مانای یەکسانی لێرەدا جیاوازی نەبێت لە نێوان تاکەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز بە تایبەت ئەوەی پەیوەستە بە دابەش کردنی سەرچاوەکانی دەستکەوت و خزمەتگوزارییەکان، و ئەرك و مافەکان لەگەڵ ئەوەش یەکسانی لەهەل و ئەنجامەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە.

**توانا:** کردارێکە کە دەبێ ئافرەتان بتوانن لەبارودۆخی خۆیان ئاگادار بن تاکوو بتوانن تواناو و شارەزاییەکان بەدەست بێنن، برەو و گەشە پێدانی بە پشت بەستن بە خود (ذات) کە دەتوانن هەموو ڕۆڵێکی بەرز ببینن کە لەهەر بوارێکی رامیاری، یاسایی یان ئابووری یاخود تەندروستی لەتێگەیشتنی جۆری کۆمەڵایەتی. وە توانای ڕۆڵەکە سێ جۆرە: وەچەنانەوە، بەرهەم هێن، کۆمەڵگەیی. وە جەخت دەکرێتە سەر بوارەکانی تر لەفێربوون، زانیارییەکان، بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری و یاسایی و تەندروستی وە لەکرداری بڕیارداندا.

**تەندروستی وەچەخستنەوە:** ئەمە خۆشگوزەرانی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتییە لە هەموو کارەکان کە پەیوەستە بە ئەندامی زاوزێ وە ئەرك و کردارەکانی، بەڵکو بە مانای دروستی وەچەخستنەوە و توانای خەڵکان لە خۆشگوزەرانی لەژیانی ڕەگەزی و وە توانای وەچەنانەوە دێت،وە ئازادی لەسەر چارەنووسی وەچەخستنەوە و ماوەکەی.وە مەرجی کۆتایی ئەمە مافی پیاو و ئافرەتان دەگرێتەوە لەوەی کە بزانن چۆن شێوازی ڕێکخستنی خێزان بەکار دێنن و یاریدەدەر و چالاك و ئاسانکار بێ لەتێڕوانینیان. وە شێوازەکانی توانای ڕێکخستنی وەچەخستنەوە و ئەوەی هەڵیانبژاردوە وە ئەوەی کە دژە یاسا نیە. وەمافیانە خزمەتگوزاری و چاودێری تەندروستی بە دەست بهێنن چاودێری تەندروستی گونجاو بۆ ئەوەی ئافرەت بتوانێ بە ئارامی ماوەی دووگیانی و منداڵبوون بەسەر بەرێ. وە ئامادەکردن بۆیان باشترین هەل کە ئەوپەڕی خۆشگوزەرانی و تەندروستی وەچەنانەوەی تێدابێ.

**ڕێکخستنی خێزان:** پێناسەی ڕێکخستنی خێزان بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕووپێوە کە هەڵسانی ژن و پیاو بە ڕازیبوونی هەردوولا و بە بێ زۆرلێکردن. وە بەکارهێنانی هۆکارێکی دروست بۆ دواخستنی دووگیان بوون یان چارەسەری نەزۆکی. کە گونجاو بێ لەگەڵ بارودۆخی تەندروستی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی بەرپرسیارەتیان بەرامبەر خۆیان و منداڵەکانیان.

**هۆکارەکانی ڕێکخستنی خێزانی نوێ:** کۆمەڵێك هۆکاری میکانیکی و کیمیایی کە بەکارهێنانی لەلایەن ژن و پیاو بۆ ڕێگە گرتن لەدووگیانی وە ماوەدانان لە نێوان تەمەنەکان. ئەم هۆکارانە شیر پێدانی سروشتی ناگرێتەوە وە یان ئەم هۆکارە هەمیشەییانەی وەك بڕینی جۆگەکانی سپێرم بۆ پیاو یان بەستنی بۆریچکەکان بۆ ئافرەت.

**نەخۆشیە ڕەگەزییە گوازراوەکان:** ئەوانە چەند نەخۆشیەکن کە دەگوازرێنەوە لەکەسی توشبوو بۆ کەسی ساغ لەڕێگەی پەیوەندییە ڕەگەزییەکان بۆ نمونە (سیدا، سفلیس، یرقان، تعقیبەو سیلان)

**ماوەی نیفاس:** نیفاس ئەو ماوەیە کە بەردەوام ئافرەت تووشی خوێنبەربوون ئەبێت لەدوای منداڵبوون وە نێوەندییەکەی بەشێوەیەکی زانستی لەلایەن ئافرەت 42 ڕۆژە. لەو ماوەیەدا ئافرەت لەبێ هێزترین باری جەستەیی دایە وەپێویستی بە پشوو هەیە دوای منداڵ بوون.

**نێوەندە ژمارەی ساڵەکانی سەڵت بوون لەهاوسەرگیری یەکەم:** ئەو ماوە نێوەندە ساڵەکانی سەڵت بوونەیە بۆ ئەو کەسانەی کە پێش 50 ساڵی هاوسەرگیری دەکەن. ئەمەش وێنەی بەشە تێکڕای ساڵەکانی سەڵت بوونی پێش تەمەنی 50 ساڵی لەسەر تێکڕای سەڵتەکان کە هاوسەرگیری دەکەن پێش تەمەنی 50 ساڵی.

**نێوەندە ژمارەی لەدایك بووانی زیندوو:** دەسکەوتنی بەشە تێکڕای ژمارەی لەدایك بووانی زیندوو تا بەرواری ڕووپێو لەسەر ژمارەی ئافرەتانی ئێستا یان ئەوانەی پێشتر شوویان کردووە لەتەمەنی 15 -49 ساڵی.

**جاودێری دایکایەتی:**چاودێری دوو گیانی وکۆرپەکەی دەگرێتەوە پێش هاتنەدنیاوە،وە پێوانەدەکرێ بە ماوەی ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کەچاودێری کراون لەلایەن کەسی شیاو و پسپۆر وەك دکتۆرەکان.

**ڕێژەی چاودێری دایکایەتی:** نێوەندە ژمارەی ئەوانەی دووگیانن کەچاودێری دەکرێن لەکاتی دووگیانی ( 4جار بەلایەنی کەم بە پێی پیناسەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ) لەسەر کۆمەڵە دووگیانێك.

**چاودێری دایکایەتی لەکاتی منداڵبوون:** دەکرێ پێناسەی بکەین کە ئەو چاودێری و ئاسانکاری پزیشکی و تەندروستی و دەروونی یە، ئەوەی پێویستە پێش کەشی بکرێت لەکاتی منداڵبوون لەلایەن کەسی پسپۆری تەندروستی و یارمەتیدانی ، بۆ گەیشتن بە ئارامی دەروونی و جەستەیی لەم کاتە ، ئەم یارمەتییە ڕۆلی دەبێ لەسەر کەم کردنەوەی مردنی دایك منداڵان وکۆرپە.

**چاودێری دایك پاش منداڵبوون:** پەیوەستە بەماوەی شەش هەفتەکەی دوای منداڵبوون واتە ماوەی ( نفاس ) وە دوای ئەمە تا 42 ڕۆژ بە پێی ئاستی تەندروستی خزمەتگوزاری ئاسانکاری تەندروستی پێشکەش بەو دایکە دەکرێت کە کۆرپەی داناوە.

**نیشانەی بالقبوون:** رواڵەت و شوێنەواری جەستەیی و فسیۆلۆجی لە کچانی تازە پێگەیشتوو ڕوودەدات وەگۆڕانی پێکهاتەی جەستەیی و فسیۆلۆجی بەتایبەت لە مێینە وەك گەورەبوونی سینگ و نیشانەی تر.

**نەخۆشیەکانی پەیوەست بە وەچەخستنەوە:** ئەم نەخۆشیە هاودەمانەیە لەگەل ئافرەتی شووکردوو لەکاتی دووگیانی و منداڵبوون وە دوای منداڵبوون وە کاریگەری لەسەر وەچەخستنەوەی ئافرەت و وەبە پێچەوانەوە. مەترسی ئەم نەخۆشیە گەورەیە لەسەر ئافرەت ،بۆخوێن وەك سەرەتان، فشاری خوێن، ئەنیمیا، هەوکردنەکان وەك گەدە، گورجیلە، قورحە و ڕۆماتیزم، وەهیتر.

**ڕۆلی کۆمەڵگەو ڕامیاری :** وادادەنرێت کە ئافرەت تواناى هەیە لەبەشداری کردنی لە ژیانی گشتی و لەماوەی کاری گشتی لە دام ودەزگاکانی کۆمەڵگە، جێەجێکاری و یاسارێژی و فێرکاری وئابووری.

**ڕۆلی وەچەخستنەوە و خێزان:** ڕۆلیکی سەرەکیی گەورەیە بۆ ئافرەتان لە وولاتانی جیهان .ئەم ڕۆلە پەیوەستە بە ماڵ و پێکهاتەی خێزان کە ناوك وکاکڵی کۆمەڵگەن.

**هەڵسان بەتوندوتیژی لەجۆری کۆمەلایەتی :دژی ئافرەت:** هەرکارێکی توند وتیژی لەو جۆرە دەبێتەهۆی بەرکەوتن و ئازاری جەستەیی و ڕەگەزی ودەروونی بۆ ئافرەت وە هەرەشە و هەموو زۆرلێکردنێك یان بێبەشکردنی لەسەربەستی لە ژیانی گشتی وتاییەتی دەگرێتەوە . شێوەکانی توندوتیژی دیار دەکرێت دژی ئافرەت : توندتیژی خێزان و دەروونی و جەستەیی وە هیتر.

**توندوتیژی واتایی و دەروونی:** هەموو هەڵسوکەوتێك کە کاریگەر بێ یان کاریگەری خراپ، وەك قەدەغەکردنی پەیوەندی بەکەسو کاری ،زالبوون بەسەر جوڵەی، بێ ئاگاکردنی ، پینەدانی پارەی پێویست ، تورەبوون لێی کاتێك قسەبکات لەگەڵ پیاویکی تر.بەکارهینانی سامانی ئەو . قەدەغە کردنی لە فێربوون و کار.

**توندوتیژی ووتە :** کە جوێن و سووکایەتی و ترساندن و بەکارهێنانی ووتەی خراپ دەگرێتەوە دژی ئافرەت .

**توندوتیژی جەستەیی:** گشت ئەو کارانەی ئاراستەی ئافرەتان دەکرێت، کە کاریگەری لەسەر ساغی جەستە هەیە. وەك لێدانی بەهێز، پاڵنانی بەهێز، پرچ ڕاکێشان ، هەرەشە بە چەك ،وە هیتر.

**توندوتیژی ڕەگەزو هەوەسبازی :** لایەنەکانی توندوتیژی دەگرێتەوە کە تەنگەژە دروستکردنی ڕەگەزی و چەوسانەوەی ڕەگەزییە وە هەوەسکاری و زۆر لێکردن و ناچارکردن بە جووتبوون وسەرجێیی کردن بە هەرەشە، هەر یەك لەمانە.

**پرۆگرامی خولانەوەی سامپڵ ( ترجیح عینة ):** یەکەم خولانەوەی خێزانی کە بژاردومانە وەك سامپڵ لەسەر ئاستی یەك بلۆك وە دووەم خولانەوەی هێشووەکان لە سەر ئاستی یەك چین( طبقة واحدة ) ( شارنشین و گوندنشین ) بە پێی ئاستی ڕێژەی وەلامی بەرز ( زیاتر 98٪ ) بۆ خێزان و تاکەکان . وە خولانەوەی سامپڵ و گەورەکردنی بۆ ئەوەی ببێتە ئەنجامێکی تێر وتەسەل لەسەر ئاستی پارێزگاکان وە عێراق بە شێوەیەکی گشتی .

## 6-1 پوختەی ڕێکاری پراکتێکی مەیدانی

1 - **کۆکردنەوەی داتاکان:** جێ بەجێ کردنی کارە پراکتیکیەکان لەبەرواری 4-7-2011 بۆ 24 -7 – 2011 کە بە واقیعی 20 ڕۆژە کار وە کورتکردنەوە هێشووەکان لەلایەن هەر تیمێك لەڕۆژێکدا واتا ( 6 خێزانی بژێوەیی ) ووردبینی فۆرمەکانیان بۆ دەکرێ لەناوخۆدا.

2 - **ڕاهێنان بۆ تۆمارکاری داتاکان:** جێ بەجێ کردنی خولی ڕاهێنان لەبنکەی تۆمار و چارەسەری داتاکان. بۆ تۆمارکاری داتاکان لەبەرواری 17-7-2011 بۆ 23-7-2011 ( 9 ) بەشدار بوو.

3 - **چارەسەری داتاکان:** وەرگرتنی فۆرمەکانی کاری مەیدانی پاش تەواو بوون و پرکردنەوەی. وە وردبینی و کۆدکردنی لەبنکەدا، ئینجا تۆمارکردنی داتاکان بۆنێو کۆمپیوتەر لەبەرواری 7-8-2011 بۆ ماوەی 20 ڕۆژ لەگەڵ بەدواداچوون و پشکنین کردنی بۆ دڵنیابوون لەسیستەمی ئەلیکترۆنی، ئینجا نووسینەوەی گشت خێزانەکان لەیەك هێشوودا. وە بۆ هەموو هێشووەکان ووردبینی مەنتقی داتاکان دەکرێت بە تاقیکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان نموونەکان و پرسیارەکان.

## پوختەی گرینگترین نیشاندەرەکان

| نیشاندەر | هەرێمی کوردستان | عێراق بەبێ هەرێم | تێکڕای عێراق |
|---|---|---|---|
| 1) تایبەتمەندی خێزانی سامپڵ | | | |
| تێکڕای ژمارەی خێزانی سامپڵ کەچاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئە نجامدراوە بەسەرکەوتویی | 2885 | 7638 | 10533 |
| ژمارەی تاکەکانی خێزانی نێو توێژینەوە | 9543 | 55092 | 64636 |
| ناوەندی ژمارەی تاکەکانی خێزان ( تاک ) | 5.2 | 6.3 | 6.1 |
| ڕێژەی ئەوخێزانانەی کە ئافرەت سەرۆک خێزانە | 14.9 | 9.8 | 10.7 |
| ڕێژەی تاکەکانی کەمتر لە15 ساڵ | | | |
| - نێر | 38 | 42.3 | 41.7 |
| - مێ | 35.9 | 42 | 41.1 |
| - تێکڕای | 36.9 | 42.2 | 41.4 |
| ڕێژەی تاکەکانی پێگەیشتوو لە 65 ساڵ زیاتر | | | |
| - نێر | 3.4 | 2.8 | 2.9 |
| - مێ | 4 | 3.1 | 3.3 |
| - تێکڕای | 3.7 | 3 | 3.1 |
| ڕێژەی هاوسەرگیرانی کاتی ڕووپێو لەنێو تاکەکانی پێگەیشتوو لە 15ساڵ زیاتر:(%) | | | |
| - نێر | 56.6 | 62.1 | 61.2 |
| - مێ | 55.7 | 63.6 | 62.4 |
| - تێکڕای | 56.1 | 62.8 | 61.8 |
| ناوەندی ژمارەی ساڵەکانی سەڵتبوون لە هاوسەرگیری یەکەم: ( ساڵ ) | | | |
| - نێر | 28.7 | 25.8 | 26.2 |
| - مێ | 25.9 | 21.7 | 22.4 |
| 2 ) تایبەتمەندی ئافرەتانی (15 – 49) ساڵی کە پێشتر شوویان کردووە | | | |
| ژمارەی ئافرەتانی مردون وە وەچەنانەوەیان دروست بووە. | 2121 | 7976 | 10097 |
| دابەشبوونی ئافرەتانی وەلامدەرەوە بە پێی باری هاوسەری : | | | |
| - شوویکردووە \ جیابۆتەوە | 94.9 | 94.2 | 94.3 |
| - بێوەژن | 3.8 | 3.7 | 3.7 |
| - تەلاقدراو | 1.2 | 2.2 | 2 |
| ناوەندجیاوازی تەمەن نێوان هاوسەران بە ساڵ | 4.2 | 5.1 | 4.9 |
| 3) توانای وەچەخستنەوە ( الخصوبة ) | | | |
| ناوەندی ژمارەی منداڵبوونی زیندوو بۆ ئافرەتانی (45 – 49) ساڵی | 5.7 | 5.2 | 5.3 |
| ڕێژەی مێینە لەتەمەن (15 – 19)ئەوانەی ژیانی وەچەخستنەوەیان دەست پێکردووە | 5.9 | 15.8 | 14.3 |

| نیشانده‌ر | هه‌رێمی كوردستان | عێراق به‌بێ هه‌رێم | تێكرای عێراق |
|---|---|---|---|
| 4) رێكخستنی خێزان و به‌ چاكزانینی ووچه‌خستنه‌وه‌ ( الانجاب ) بۆ ئافره‌تانی (15 - 49) ساڵی كه‌ پێشتر شوویانكردووه‌ ( % ) | | | |
| رێژه‌ی ئه‌و ئافره‌تانه‌ی كه‌ شوویانكردوه‌ وه‌ هۆكاره‌كانی رێكخستنی خێزانیان به‌كارهێناوه‌: | | | |
| - هه‌ر هۆكار | 53.2 | 37.6 | 39.8 |
| - هه‌ر هۆكار ێكی نوێ | 27.5 | 28.4 | 28.3 |
| رێژه‌ی ئاره‌زومه‌ندانی دوا منداڵ له‌ نێو ئافره‌تانی شووكردوو. | 33.9 | 38.1 | 37.5 |
| رێژه‌ی ئافره‌تانی دووگیان كه‌ ئاره‌زوی دوگیانیان هه‌یه‌ له‌كاتی خۆی | 63.1 | 75.3 | 73.9 |
| نێوه‌نده‌ ژماره‌ی منداڵان كه‌ ئافره‌تان حه‌زی پێده‌كه‌ن له‌ ووچه‌خستنه‌وه‌یان | 3.6 | 4.2 | 4.1 |
| نێوه‌نده‌ ژماره‌ ی منداڵان كه‌ ئافره‌تان حه‌زی پێده‌كه‌ن بۆ كچه‌كه‌یان له‌دوا رۆژ | 3.1 | 3.6 | 3.6 |
| 5) چاودێری دایكایه‌تی ( له‌ ماوه‌ی پێنج ساڵی رابردوو پێش رووپێو بۆ ئافره‌تانی (15 -49) ساڵی شوودار یان ئه‌وانه‌ی پێشتر شوویانكردوه‌) | | | |
| رێژه‌ی ئه‌و دایكانه‌ی كه‌له‌ژێر چاودێری كادری پزیشكی شیاو دابوونه‌ له‌كاتی دوگیانی | 89.9 | 89.5 | 89.6 |
| رێژه‌ی ئه‌و دایكانه‌ی كه‌له‌ژێر چاودێری كادری پزیشكی شیاو دابوونه‌ له‌كاتی دوگیانی ماوه‌ی سێ مانگی سه‌ره‌تا | 56.3 | 62.8 | 62 |
| نێوه‌نده‌ ژماره‌ی جاره‌كانی پشكنینی كاتی دووگیانی له‌نێو ئه‌و دایكانه‌ی كه‌چاودێری كراون له‌كاتی دووگیانیه‌كه‌یانه‌. | 4.9 | 5.2 | 5.2 |
| رێژه‌ی ئه‌و دایكانه‌ی كه‌ دوچاری لاوازی هاتوون له‌كاتی دووگیانی | 37.2 | 33.5 | 34 |
| رێژه‌ ی ئه‌و دایكانه‌ی سه‌ردانی دكتۆریان كردووه‌ كه‌ دوچاری لاوازی هاتوون له‌كاتی دووگیانی | 90.5 | 92.7 | 92.4 |
| رێژه‌ی ئه‌و دایكانه‌ی ئه‌وانه‌ی كه‌ دوا منداڵیان بووه‌ له‌دام و ده‌زگا ته‌ندروستیه‌كان | 78.8 | 78.5 | 78.5 |
| رێژه‌ی له‌دایكبووانی ( كۆتایی ) كه‌ به‌ هاریكاری پزیشكی بووه‌.( 1 ) | 85.6 | 91.1 | 90.4 |
| رێژه‌ی دایكان ئه‌وانه‌ی كه‌دوچاری هه‌ر نیشانه‌یه‌ك هاتوون له‌كاتی دوا منداڵبوون | 31.6 | 30.3 | 30.5 |
| رێژه‌ ی دایكان ئه‌وانه‌ی كه‌ چاودێریكراون پاش دوا منداڵبون ( له‌كاتی ماوه‌ی نفاس ) له‌ لایه‌ن كادری پزیشكی شیاو | 46.5 | 36.6 | 37.9 |
| رێژه‌ ی دایكان ئه‌وانه‌ی كه‌ دوچاری هه‌ر لاوازیه‌ك هاتون پاش دوا منداڵبون ( له‌كاتی ماوه‌ی نفاس ) | 22 | 18.1 | 18.6 |
| رێژه‌ ی ئه‌وانه‌ی كه‌سه‌ردانی پزیشك یان كردوه‌ به‌هۆی لاوازی دوا منداڵبون ( له‌كاتی ماوه‌ی نفاس ) | 70.6 | 69.8 | 70 |
| رێژه‌ی له‌دایك بوونی سروشتی | 67.6 | 76.3 | 75.1 |
| رێژه‌ی له‌دایك بوون به‌ نه‌شته‌رگه‌ری ( قیصریه‌ ) | 26.4 | 22 | 22.6 |

( 1 ) ئه‌وله‌دایك بوونانه‌ ده‌گرێته‌وه‌ كه‌ له‌ده‌زگا ته‌ندرستیه‌كان بوونه‌ وه‌ ئه‌وانه‌ش له‌ده‌ره‌وه‌ی ده‌زگا ته‌ندروستیه‌كان بوونه‌ له‌ژێر چاودێری كادری پزیشكی شیاو

| نیشاندەر | هەرێمی کوردستان | عێراق بەبێ هەرێم | تێکڕای عێراق |
|---|---|---|---|
| 6) نەخۆشیەکانی پەیوەست بە وەچەخستنەوەی (الا نجاب) ئافرەتانی (15-49) ساڵی کەشوودارن یان ئەوانەی پێشتر شویانکردووە و منداڵی زیندوویان بووە، لە ماوەی 5 ساڵی ڕابردوو پێش ڕووپێو | | | |
| ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە دوچاری نیشانەکانی ئاماژە بوون بە لە دەست دانی منداڵدان دەکات | 23.2 | 17.6 | 18.3 |
| ڕێژەی ئەوانەی سەردانی پزیشك یان کردوە کە دوچاری نیشانەکانی ئاماژە بوون بە لە دەست دانی منداڵدان دەکات | 61 | 70.5 | 68.9 |
| ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە دوچاری خۆ ڕانەگرتن و بەسەر خۆزاڵنەبوونی ڕێڕەوی میز هاتوون. | 12.9 | 10.1 | 10.5 |
| ڕێژەی ئەوانەی سەردانی پزیشك یان کردوە کە دوچاری خۆ ڕانەگرتن و بەسەر خۆزاڵنەبوونی ڕێڕەوی میز هاتوون. | 43.1 | 53.1 | 51.5 |
| ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کەدوچاری نیشانەی هەوکردنی ڕێڕەوی میز هاتوونە | 25.9 | 21.5 | 22.1 |
| ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە دوچاری نیشانەی هەوکردنی منداڵدان بوونە | 26.1 | 13.4 | 15.1 |
| ڕێژەی ئەوانەی سەردانی پزیشك یان کردووە و کە دوچاری هەوکردنی منداڵدان و ڕێڕەوەکان بوونە | 12.5 | 70.3 | 69.2 |
| ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی (15 – 49) ساڵی کە شوو دارن یان پێشتر شوویان کردووە کە چونەتە بەر چاودێری پزیشکی لەکاتی پێویست: | | | |
| - دەزگای تەندروستی گشتی | 35.9 | 44.3 | 43.1 |
| - پزیشك یان نۆرینگەی تایبەت | 56 | 52.1 | 52.6 |
| - هەر دەزگایەکی تەندروستی (گشتی یان تایبەت) | 91.9 | 96.4 | 95.8 |
| 7) نەخۆشیە گوازراوەکانی ڕەگەزی بۆ ئافرەتانی (15 – 49) ساڵی کە شوودارن یان پێشتر شوویانکردووە | | | |
| ڕێژەی ئەوانەی کە نەخۆشیەکە دەناسن یا بیستویانە لەڕێگەی تەلەفزیۆن لەنێو ئەوانەی دەیانزانی | 88.5 | 92 | 91.5 |
| ڕێژەی ئافرەتان ئەوانە کە ڕێگەی جیا جیا دەزانن بۆ گواستنەوەی ئایدز لەنێو ئەوانەی ئەیانزانی: | | | |
| - لەڕێگەی پەیوەندی ڕەگەزبازی لە دەرەوەی ژیانی هاوسەری | 92.9 | 96.5 | 95.9 |
| - لەڕێگەی گواستنەوەی خوێن | 30.9 | 52.6 | 49.4 |
| ڕێژەی ئەوانەی کە ڕێگەی جیا جیا دەزانن بۆ پارێزگاری لە ئێدز لەنێو ئەوانەی ئەیانزانی | | | |
| - ڕەگەزبازی لەگەڵ هاوسەرەکانیان | 88.9 | 90.5 | 90.3 |
| - بەکارهێنانی ڕووپۆشی بەرگری (کۆندۆم) | 12 | 6.2 | 7 |
| 8) پاراستنی منداڵان | | | |
| ڕێژەی ئەوانەی شوویان کردووە پێش تەمەنی 15 ساڵی | 4.5 | 5 | 4.9 |
| ڕێژەی ئەوانەی شوویان کردووە پێش تەمەنی 18 ساڵی | 19.2 | 22.1 | 21.7 |

| نیشاندەر | هەرێمی کوردستان | عێراق بەبێ هەرێم | تێکرای عێراق |
|---|---|---|---|
| **9) توانای ئافرەتان و بەهێزکردنی بەشداریان** | | | |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی ئەوانەی کە وادەبینن کە ئافرەت مافی هەیە : ( ٪ ) | | | |
| - دەنگدان لە هەڵبژاردن | 95.1 | 82.9 | 84.8 |
| - خۆپاڵاوتن لەهەڵبژاردن | 92.8 | 63 | 67.7 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی ئەوانەی کە ڕەتیانکردەوە بەشداربن لەهەڵبژاردن پێیان وایە تایبەتە بە پیاوان | 37 | 41.6 | 41.5 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی ئەوانەی کە بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانیان کردووە ساڵی 2010 | 78 | 65.5 | 67.4 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن( 15– 54 ) ساڵی ئەوانەی کە بەشدارن لە یانەکانی کۆمەلایەتی یان پارتەکان یان سەندیکاکای پیشەیی یان سەنتەرەکانی لاوان یان کۆمەڵە مرۆییەکان | 7.9 | 2.7 | 3.5 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی ئەوانەی کە نەگەیشتوون بەوئاستەی خوێندن کەئارەزوویان لێیە | 62.1 | 70.8 | 69.4 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی ئەوانەی کە کار دەکەن بۆ کرێیەك ( پارەیەك ) | 12.3 | 10.6 | 10.9 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی ئەوانەی کە کارناکەن بۆ کرێیەك ( پارەیەك ) لەبەر نزمی ئاستی خوێندن | 12.8 | 13.5 | 13.4 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54ساڵی ئەوانەی کە کارناکەن بۆ کرێیەك ( پارەیەك ) ئامادەن بۆ کار ئەگەر گونجاوبێت | 40.8 | 28.4 | 30.3 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی ئەوانەی کە پێیان وانیە کە ئافرەت پیاو یەکسانن لە ئەرك و ماف | 18.4 | 42.3 | 38.6 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی ئەوانەی کە پێیان وایە کە ئافرەت و پیاو یەکسان نین لە ئەرك و ماف یان یەکسانن بەشێوەیەکی کەم ( جزئی ) | 40.1 | 75.7 | 70.1 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی ئەوانەی کە پێیان وانیەکە ئافرەت و پیاو یەکسانن لەئەرك وماف یان یەکسانن بەشێوەیەکی کەم ( جزئی ) بەهۆی: | | | |
| - یاساکانی پۆلێن نەکردنی ئافرەتان | 10.6 | 20 | 19.2 |
| - ڕوونکردنەوەی هەڵە بۆ ئاین | 12.2 | 13.2 | 13.1 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی ئەوانەی کە جیاوازی لە بەرژەوەندی پیاو دەبینن: | | | |
| - بەشداری ڕامیاری | 42.7 | 71.5 | 67 |
| - دەسکەوتنی موڵك | 59.2 | 59.5 | 59.4 |
| - بریاردان لەنێو خێزان | 47.5 | 56.5 | 55.1 |
| - دەستکەوتنی هەمان پاداشت لە کەرتی تایبەت | 41.8 | 50.6 | 49.2 |
| - دەستکەوتنی هەمان پاداشت لە کەرتی گشتی | 38.9 | 31.2 | 32.4 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی بە پێی گرینگترین هەنگاو کە داواکراوە لەلایەنە جیاکان بۆ بە تواناکردنی ئافرەت بۆ هەڵسان بە ڕۆڵی خێزانی : | | | |
| حکومەت و ئە نجومەنی نوێنەران : پشتگیری ئەوخێزانەی کە ئافرەت سەرۆك خێزانە | 38.7 | 37.7 | 37.9 |
| پارتەکان : هەڵمەتی هۆشیاری بۆ ڕۆڵی ئافرەتی خێزانیی | 33 | 47.2 | 44.9 |
| ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی : خولی هۆشیاری و ڕێگەنیشاندانی ئافرەتان | 27.5 | 31.2 | 30.6 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی بە پێی پێشەنگی دەست تێخستن بۆ بەتواناکردنی ئافرەت بە هەڵسان بەڕۆڵی ڕامیاری بە پێی لایەن: | | | |
| حکومەت و ئە نجومەنی نوێنەران : زیادکردنی ژمارەی ئافرەتان لە شوێنەکانی سەرکردایەتی | 36.7 | 30.2 | 31.2 |
| پارتەکان : پشتگیری کردنی یاساکانی کە پشتگیری ئافرەت دەکات | 36.1 | 46.7 | 45 |
| ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی : خولەکانی هۆشیاریی | 38.5 | 50.2 | 48.4 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی بە پێی پێشەنگی دەست تێخستن بۆ بەتواناکردنی ئافرەت بە پاراستنی لە توندوتیژی بە پێی لایەن: | | | |
| حکومەت و ئە نجومەنی نوێنەران : دانانی یاسای توند | 28 | 54.1 | 50 |
| پارتەکان :جەخت کردن لەسەر دژایەتیکردنی توندوتیژی دژی ئافرەت | 29.6 | 43.4 | 41.2 |
| ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی : پرۆگرامی هۆشیاریی | 36.1 | 43.5 | 42.3 |

| نیشاندەر | هەرێمی کوردستان | عێراق بەبێ هەرێم | تێکڕای عێراق |
| --- | --- | --- | --- |
| 10) توندوتیژی دژی ئافرەتان | | | |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی ئەوانەی وادەبینن کە هەڵسوکەوتی وا توندوتیژیە دژی ئافرەتان : | | | |
| - لێدانی پیاو لە ئافرەت ئەگەر دەربچێ بەبێ ئاگاو ڕێپێدانی ئەو | 63.3 | 45.1 | 47.9 |
| - لێدانی پیاو لە ئافرەت ئەگەر پێچەوانەی فەرمانی کرد | 58.3 | 41.7 | 44.3 |
| - قەدەغەکردنی ئافرەت لە سەردانی کردنی کەس و کاری | 69.6 | 69.4 | 69.5 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵ ئەوانەی وادەبینن کە زیاتر لەم شوێنانەئافرەتانی وڵات دوچاری توندو تیژی دەبنەوە هەمووکاتێ یان هەندێجار: | | | |
| - ماڵ | 71.6 | 62.8 | 64.2 |
| - شەقام | 59 | 63.9 | 63.1 |
| - شوێنە گشتیەکان | 52.7 | 55.9 | 55.4 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی ئەوانەی کە وادەبینن ئەم هۆیانە هۆکاری سەرەکین لە توندوتیژی ڕووە و ئافرەت : | | | |
| - پە روەردە و دروستکردنی خێزان | 61.8 | 69.5 | 68.3 |
| - سیستەمی کۆمەڵایەتی | 53 | 65.7 | 63.7 |
| - یاساکان و ڕێساکان لە وڵات | 35.2 | 31.9 | 32.4 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ( 15 – 54 ) ساڵی ئەوانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە لەماوەی 12 مانگی ڕابردوو پێش ڕووپێو لە : | | | |
| - شەقام | 9.7 | 21.3 | 19.5 |
| - شوێنەکانی بازاڕی کردن | 9.7 | 20.7 | 18.9 |
| - هۆکارەکانی گەیاندن | 3.6 | 11.8 | 10.5 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن (15 – 54) ساڵی کەئەوانەی وابیردەکەنەوە کەس وکار لایەنی یەکەمە بۆ پەنابردن کاتێك ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە | 74.7 | 92 | 89.3 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن (15 – 54) ساڵی ئەوانەی کە پەنادەبەنەبەر پۆلیس کاتێك کە توندوتیژی بەردەوام دەبێت ڕووبەڕوویان | 22.4 | 13.2 | 14.6 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن (15 – 54) ساڵی ئەوانەی کەوادەبینن گونجاوە کە ئافرەت پەنابەرێتە بەر پۆلیس | 48.9 | 34.7 | 36.9 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن (15 – 54) ساڵی ئەوانەی متمانە بە پۆلیس دەکەن وەك لایەنێك دەکرێت پەنای بۆبەرن کاتێك ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە . | 61.6 | 47.4 | 49.6 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن (15 – 54) ساڵی ئەوانەی متمانە بە پۆلیس ناکەن وەك لایەنێك دەکرێت ئافرەت پەنای بۆبەری کاتێك ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە لەبەر ئابرۆچوونیان. | 55.1 | 50.9 | 51.4 |

| نیشاندەر | هەرێمی کوردستان | عێراق بەبێ هەرێم | تێکڕای عێراق |
|---|---|---|---|
| (11  ئافرەتانی تەمەن 55 ساڵ و زیاتر | | | |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 55 ساڵ و زیاتر ئەوانەی وادەبینن تەندروستیان خراپە یان زۆر خراپە | 36.5 | 35.1 | 35.4 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 55 ساڵ و زیاتر کە ڕازی نین لە ژیانی خۆیان بە شێوەیەکی گشتی | 6.4 | 11.4 | 10.5 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 55 ساڵ و زیاتر ئەوانەی پێویستیان بە چاوەدێری تەندروستی بووە لەماوەی مانگی ڕابردوو پێش ڕووپێوو بەهۆی نەخۆشی و ئازارەوە | 52.5 | 52 | 52.1 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 55 ساڵ و زیاتر ئەوانەی پێویستیان بە چاوەدێری تەندروستی بووە لەماوەی مانگی ڕابردوو پێش ڕووپێوو بەهۆی نەخۆشی وئازارەوە وەچارەسەریان وەرگرتووە لە دەزگای چاودێری تەندروستی حکومی. | 59.8 | 60.7 | 60.5 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 55 ساڵ و زیاتر کە پێویستیان بە چاوەدێری تەندروستی بووە لەماوەی مانگی ڕابردو پێش ڕووپێوو بەهۆی نەخۆشی وئازارەوە وە بەکێشە چارەسەریان وەرگرتووە لە دەزگای چاودێری تەندروستی حکومی. | 48 | 60.9 | 58.6 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 55 ساڵ و زیاتر ئەوانەی ڕووبەڕووی ئەزیەت بوونەتەوە لەدابینکرنی تێچوی پزیشکی لەماوەی 12 مانگی ڕابردوو پێش ڕووپێو | 44.2 | 39.4 | 40.3 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 55 ساڵ و زیاتر ئەوانەی زۆر نیگەرانن لەبەر زۆری تێچوی چاودێری تەندروستی وە ئەوەندەی نیە و بەشی ناکات | 64.4 | 18.5 | 26.7 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 55 ساڵ و زیاتر ئەوانەی کە داهاتی جێگیریان هەیە | 41 | 32.5 | 34 |
| (12  ڕاوبۆچون و بەشداری پیاوانی (18 ساڵ و زیاتر) | | | |
| ڕێژەی پیاوانی تەمەن 18 ساڵ و زیاتر وادەبینن ڕۆلی سەرەکی ئافرەت ئەمانەن: | | | |
| - وەچەخستنەوە و پەروەردەی منداڵان | 24.1 | 39.7 | 37 |
| - بەشداری پیاوان لەدروستکردنی خێزان | 70.5 | 58.7 | 60.7 |
| ڕێژەی پیاوانی تەمەن 18 ساڵ و زیاتر وادەبینن پەیوندی ئافرەت بە پیاو تایبەتە بە بنیاتنانی خێزان وە دەکرێت باس بکەین: | | | |
| - ئافرەت شوێنکەوتەی ویستی پیاوە لەبنیاتنانی خێزان | 15.4 | 35.3 | 31.9 |
| - ئافرەت هاوبەش و پشگیری پیاوە لەبنیاتنانی خێزان | 75.6 | 62.7 | 64.9 |
| - ئەو پیاوانەی بەهیچ جۆرێك هاوبەشی هاوسەرەکانیان ناکەن لە کارەکانی ماڵ. | 25.8 | 45.6 | 42.4 |
| ڕێژەی پیاوانی تەمەن 18 ساڵ و زیاتر ئەوانەی وادەبینن پەیوندی ئافرەت بە پیاو لەکۆمەڵگە دەکرێ باس بکەین: | | | |
| - ئافرەتان کە شوێنکەوتەی پیاوە لەبنیاتنانی کۆمەڵگە و گەشە پێدانی | 19.5 | 37.9 | 34.8 |
| - ئافرەت هاوبەشە لەبنیاتنانی کۆمەڵگە و گەشە پێدانی | 71.1 | 59.6 | 61.6 |
| ڕێژەی پیاوانی تەمەن 18 ساڵ و زیاتر ئەوانەی وادەبینن بەدڵنیایەوە کەمافی مێردە کەیە لە: | | | |
| - لێدانی هاوسەرەکەی ئەگەر دەرچوو بەبێ ئاگاو ڕێپێدانی ئەو | 9.9 | 24.6 | 22.1 |
| - لێدانی هاوسەرەکەی ئەگەر پێچەوانەی فەرمانەکانی کرد | 10.4 | 28.1 | 25 |
| - قەدەغەکردنی هاوسەرەکەی لەکارکردن | 9.9 | 21.1 | 19.2 |
| - قەدەغەکردنی هاوسەرەکەی لە تەواوکردنی خوێندن | 6.1 | 15.4 | 13.8 |
| - قەدەغەکردنی هاوسەرەکەی لە هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن | 12.7 | 18.9 | 17.8 |

| نیشاندەر | هەرێمی کوردستان | عێراق بەبێ هەرێم | تێکڕای عێراق |
|---|---|---|---|
| 13) کچانی تەمەن ( 10 – 14 ) ساڵی ئەوانەی تاکو ئێستا شوویان نەکردووە | | | |
| ڕێژەی کچانی تەمەن ( 10 – 14 ) ساڵی کە ئێستا پەیوەستن بە دەزگاکانی خوێندن | 92.9 | 80.7 | 82.4 |
| ڕێژەی کچانی تەمەن ( 10 – 14 )ساڵی ئەوانەی وادەبینن کە هەمیشە یەکسانن لەگەڵ برایەکانیان لە نێو خێزان. | 60 | 47.5 | 49.3 |
| ڕێژەی کچانی تەمەن ( 10 – 14 ) ساڵی ئەوانەی کە ڕووبەڕووی لێدان و سووکایەتی هاتوون هەمووکاتێ یان هەندێجار لە ماوەی مانگی ڕابردوو لەلایەن: | | | |
| - باوك | 12.1 | 22.6 | 21.2 |
| - دایك | 17.5 | 28.1 | 26.6 |
| - برا | 17.3 | 31.6 | 29.6 |
| - خوشك | 17.6 | 26.6 | 25.4 |
| ڕێژەی کچانی تەمەن ( 10 – 14 ) ساڵی ئەوانەی وەرزش دەکەن بە بەردەوامی | 11.5 | 9.1 | 9.4 |
| ڕێژەی کچانی تەمەن ( 10 – 14 ) ساڵی ئەوانەی کۆمپیوتەر بەکاردێنن | 31.2 | 16.1 | 18.2 |
| ڕێژەی کچانی تەمەن ( 10 – 14 ) ساڵی ئەوانەی تۆڕی ئینتەرنێت بەکاردێنن | 16.1 | 7.9 | 9 |
| ڕێژەی کچانی تەمەن ( 10 – 14 ) ساڵی ئەوانەی مۆبایلی تایبەت بەخۆیان هەیە | 6.2 | 8.9 | 8.5 |
| ڕێژەی کچانی تەمەن ( 10 – 14 ) ساڵی ئەوانەی نیشانەکانی باڵق بوون دەزانن لە مێینە | 52.4 | 54.6 | 54.3 |
| ڕێژەی کچانی تەمەن ( 10 – 14 ) ساڵی ئەوانەی دایکیان گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەن دەربارەی باڵق بوون (هەمووکاتێ یان هەندێجار لە ماوەی مانگی ڕابردوو پێش ڕووپێو) | 38 | 51.8 | 49.9 |
| نێوەندە تەمەنی گونجاو بۆ شووکردن بەڕای کچانی تەمەن ( 10 – 14 ) ساڵی | 22.3 | 20 | 20.3 |
| نێوەندە تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری کوڕان بە ڕای کچانی تەمەن ( 10- 14 ) ساڵی | 24 | 22.8 | 23 |
| ڕێژەی کچانی تەمەن ( 10 – 14 ) ساڵی ئەوانەی وادەبینن ژن و مێرد بەیەکەوە بڕیاردەدەن لەسەر ئارەزوویان بۆ ژمارەی وەچەخستنەوەیان | 68.5 | 61.4 | 62.3 |
| نێوەندە ژمارەی منداڵان کە ئارەزوویان لەسەرە بۆ وەچەخستنەوە بە ڕای کچانی تەمەن (10- 14) ساڵی | 3.4 | 3.6 | 3.6 |

## 2- تايبه تمەندی دیمۆگرافی بۆ تاکەکانی سامپڵ ( عينة )

**هەروەکوو ئەوانەی خوارەوە:**

### 2-1 قەبارەی خێزان

خێزانی بژێوەیی نێوەندە قەبارەکەی گەیشتووەتە نزیکەی 5 تاکە لەهەرێمی کوردستان. وە ئەم نێوەندە بەرزترە لە پارێزگای دهۆك کە گەیشتۆتە نزیکەی 7 تاکە بەبەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تری هەرێم، هەروەك ڕێژەی خێزان کە ئافرەت سەرۆکایەتی دەکەن نزیکەی 15٪ وە ئەم ڕێژەیە بەرزترە لە هەولێر بە ڕێژەی 19.1٪ .

### 2-2 پێکهاتەی تەمەن و جۆری بۆ دانیشتووان

ژمارەی تاکەکان کە سامپڵی ڕووپێو دەیانگرێتەوە لەهەرێم گەیشتوەتە 9543 تاك، ڕێژەی نێر نیوەی ڕێژەکەیە بە ڕێژەی هەر 100 نێر بۆ 100 مێینە.

دابەشکردنی تاکەکان بە پێ ی جۆر و تەمەن ( % )

| | نێر | مێ | تێکرا |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە15 ساڵ | 38.0 | 35.9 | 36.9 |
| 64 – 15 | 58.6 | 60.1 | 59.4 |
| 65 زیاتر | 3.4 | 4.0 | 3.7 |
| کۆ | 100 | 100 | 100 |

ئە نجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن لەکۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان هێشتا کۆمەڵگایەکی گە نجانەیە کە ڕێژەی تاکەکانی کەمتر لە 15 ساڵی نزیکەی 37٪ وە مەزندە دەکرێت کە تەمەنی 65 ساڵ و زیاتر نزیکەی 4٪.

### 2-3 باری هاوسەرگیری

ڕێژەی تاکەکان کە هاوسەرگیریان کردووە لەهەرێم گەیشتووەتە نزیکەی 56٪ لەتێکڕای پێگەیشتووانی تەمەن 15 ساڵ زیاتر، لەکاتێکدا ڕێژەی ئەوانەی هاوسەرگیرییان نەکردووە لەنێر دەگاتە 42.8٪ بەرانبەر 33.3٪ لەنێو مێینەکان. وە تێبینی دەکرێت کە 5٪ لە تێکڕای ئەو ئافرەتانەی شوودەکەن تەمەنیان لە 15 ساڵ کەمترە وە نزیکەی 19٪ شوودەکەن کەمتر لەتەمەنی 18 ساڵی.

دابەشکردنی تاکەکان ( 15 ساڵ زیاتر ) بە پێ ی باری هاوسەرگیری و جۆر

| باری هاو سەرگیری | نێر | مێ | تێکرا |
|---|---|---|---|
| سەڵت | 42.8 | 33.3 | 38.0 |
| خێزاندار/جیابۆتەوە | 56.6 | 55.8 | 56.2 |
| بێوەژن | 0.6 | 10.2 | 5.4 |
| تەلاقدراو | 0.0 | 0.7 | 0.4 |
| کۆ | 100 | 100 | 100 |

## 3- زانیاری و هەڵسوکەوتەکانی کچانی کوردستانی ( 10-14 ) ساڵی

ئامانج لەهەڵباژاردنی یەك كچ لەخێزانێك كە لە تەمەنی ( 10- 14 ) ساڵیدا ئەوانەی کە هێشتا شوویان نەکردووە بۆ زانیاری و زانینی ڕاستییەکان کە پەیوەست بە پرسی تەندروستی وەچەخستنەوە و ئەندازەی ئامادەبوونی بۆ وەرگرتنی ئەم ڕۆڵە کە پێیدا تێدەپەڕێ لەژیانی داهاتوو، مافی فێربوون و ژیان و ئارامی و دوور لە توندوتیژی. ئەمە دەوەستێتە سەر ئاستی زانین و هەڵسوکەوت لەنێو ماڵ لەئاکامی ڕەفتاری تاکەکانی خێزان لەگەڵی. وە هەڵبژاردنی ئارەزووەکانی لەدواڕۆژ و پێداویستی وەرگرتنی بۆ ئەرك ومافەکان. لێرەدا ئە نجامەکان بۆ کچانی تەمەن ( 10- 14 ) ساڵی لەسەر ئاستی خێزان دەنوێنێ نەوەکو گشت کچانی ئەو تەمەنە.

### 3-1 فێربوون

ئە نجامەکان وای دەردەخەن کە نزیکەی 93٪ کچانی تەمەن ( 10- 14 ) ساڵی کە تاکو ئێستا شوویان نەکردووە پەیوەندییان کردووە بە دەزگاکانی فێرکردن لەهەرێم. ئەم ڕێژەیە بەرزترە لە پارێزگای سلێمانی بە ڕێژەی 98.1٪. نیوەی زیاتری ئەم کچانە لەخوێندنی سەرەتایین وە نزیکەی چوار – یەکی لە قۆناغی ناوەندی دان.

ڕێژەی کچانی تەمەن ( 10- 14 ) ساڵی کە پەیوەستن بە خوێندن بە پێی پارێزگا ( ٪ )

| پا رێزگا | پەیوەست | تیکرای ژمارە |
|---|---|---|
| دهۆك | 73.4 | 86 |
| سلێمانی | 98.1 | 175 |
| هەولێر | 97.7 | 165 |
| تێکرا | 92.9 | 427 |

بەکارهێنانی کۆمپیوتەر 31.2٪ ە لەلایەن کچان وە کەمبوونی ڕێژەی بەکارهێنەرانی تۆڕی ئەنتەرنێت لەنێوان ئەم چینە لە دانیشتوان کە دەگاتە تێکڕای 16.1٪ کە ئەمە بەرزترە لەهەولێر بە ڕێژەی 21.9٪ .

### 3-2 یەکسانی و ئارامی خێزان

دەرکەوتووە کە شەش کچ لەنێو دە کچ لەتەمەنی ( 10- 14 ) ساڵی تەنها ئەوان هەمیشە یەکسانن لەگەڵ برایەکانیان لەهەموو شتێك لە نێوخێزان وە ئەم ڕێژەیە زۆر بەرزتر دەبێتەوە لە پارێزگای سلێمانی 80.9٪ بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تری هەرێم.

ڕێژەی کچانی تەمەن ( 10 – 14 ) ساڵی ئەوانەی وادەبینن کە یەکێ لە باوان جیاوازی دەکات لەنێوان کچان و منداڵەکان لە پەروەردەو بەرژەوەندیەکانیان.




لەلایەکی تر ئاماژە دەکرێت کە نزیکەی چوار– یەکی کچان کە یەکێك لەباوان جیاوازی دەکات لەنێوان کچان و منداڵەکان. بەلایەنی کەم جیاوازی دەکات لەنێوان کچەکان و منداڵەکان لە پەروەردە و سوودمەندییەکان هەمووکاتێ یان هەندێجار، ئەم ڕێژەیە بەرزترە لە پارێزگای دهۆك.

ڕێژەی کچانی (10 -14) ساڵی ئەوانەی ڕووبەڕووی لێدان و سوکایەتی بوون لەناو خێزان لەماوەی مانگی ڕابردوو پێش ڕووپێو




داتاكان ئاماژە بەوە دەكەن نزیكەی دوو كچ لەهەر دە كچێك دووچاری لێدان یان سوكایەتی بوون لەمانگی ڕابردوو پێش ڕووپێو لەلایەن یەكێك لەباوانیان بەلایەنی كەم، ئەم ڕێژەیە بەرزترە لە پارێزگای دهۆك بە 22.4٪.

وەسەرنجدانی ڕای كچان لەئاستی خوێندن كە ئەوەی پێویستە بەدەستی بهێنن بەلایەنی كەم لەلایەن كچان و كوڕان، جیاوازی زۆر بەدی ناكرێت. جگە لەمە كچان وای دەبینن كە پیاو پێویستە ئاستی زانیاری بەرزتر بێت وە ئەو مافی تەواو كردنی خوێندنی هەیە ئەمەش بە بڕیار و شێوەیەكی زیاتر لەچاو ئافرەتان.

دابەشكردنی كچانی تەمەن (10 -14) ساڵی بە پێی بەرزترین ئاستی خوێندن كە دەبێ ئافرەت بە دەستی بهێنێ بە پێی پارێزگا

| دابەشبوونی جوگرافی | گرنگ نیە | سەرەتایی | ناوەندیی | ئامادەیی | دبلۆم | بكالۆریۆس و زیاتر | بە پێی بڕیاری ئەو | بە پێی بڕیاری كەس وكار | تێكڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆك | 1.7 | 5.7 | 4.9 | 8.4 | 18.6 | 39.9 | 16.2 | 4.6 | 100 |
| سلێمانی | 0.2 | 2.8 | 7.1 | 8.4 | 4.3 | 51.5 | 24.8 | 0.9 | 100 |
| هەولێر | 1.6 | 30.2 | 0.3 | 5.0 | 1.1 | 33.1 | 26.8 | 1.9 | 100 |
| هەرێمی كوردستان | 1.0 | 14.0 | 4.0 | 7.1 | 6.0 | 42.0 | 23.8 | 2.0 | 100 |

دابەشكردنی ڕای كچانی تەمەن (10 -14) ساڵی بە پێی بەرزترین ئاستی خوێندن كە دەبێ پیاو بە دەستی بهێنێ بە پێی پارێزگا

| دابەشبوونی جوگرافی | گرنگ نیە | سەرەتایی | ناوەندیی | ئامادە یی | دبلۆم | بكالۆریۆس و زیاتر | بەپێی بڕیاری ئەو | بە پێی بڕیاری كەس وكار | تێكڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆك | 0.4 | 1.4 | 4.7 | 9.4 | 15.2 | 42.7 | 23.9 | 2.2 | 100 |
| سلێمانی | 0.5 | 1.1 | 3.3 | 9.5 | 3.4 | 49.9 | 31.4 | 0.8 | 100 |
| هەولێر | 0.8 | 30.0 | 0.3 | 2.7 | 1.4 | 35.1 | 28.6 | 1.1 | 100 |
| هەرێمی كوردستان | 0.6 | 12.3 | 2.4 | 6.9 | 5.0 | 42.7 | 28.8 | 1.2 | 100 |

دابەشکردنی کچانی تەمەن ( 10 -14 ) ساڵی بە پێی ئارەزووی دوارۆژیان و دابەشبوونی جوگرافی ( ٪ )

| دابەشبوونی جوگرافی | ئافرەتی ماڵەوە | فەرمانبەر لە پەروەردە | کەسایەتی گشتی/ رامیاری | کرێکار لە کەرتی تر | نازانی | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆك | 15.3 | 67.2 | 8.5 | 3.1 | 5.8 | 100 |
| سلێمانی | 1 | 88.5 | 1.1 | 2.7 | 6.7 | 100 |
| هەولێر | 2.5 | 51 | 21.6 | 19.6 | 5.4 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | 4.5 | 69.8 | 10.4 | 9.2 | 6 | 100 |

داتاکان دە ریا نخستووە کە نزیکەی لە هەر حەوت ئافرەت لە نێو دە ئافرەت ئارەزوومەندن کە بن بە فەرمانبەری پەروەردە یان تە ندروستی وە یان خزمەتگوزار لەبەرامبەر رێژەیەکی کەم وە بەرێژەی( 10.4٪ ) ی ئارەزومەندن بن بە کەسایەتی گشتی یان سیاسە تمەدار، هەروەها ئەوانەی پلانیان بووە کەببن بەئافرەتی ماڵەوە رێژەیان کەمە نزیکەی دەگاتە 5٪.

## 3 -3 ئامادەکردنی کچان بۆ خولی وەچەخستنەوە ( دورة الا نجابية )

لەکاتی پرسیار لە کچان دەربارەی زانینیان بەنیشانەکانی بالغ بوون لای مێینە بینیمان 52.4٪ زانیاریان هەیە بەم نیشانانە وە نزیکەی 53٪ دەیانزانی چ بکرێت لەکاتی سوڕی مانگانە، لە کاتێکدا رێژەکە کەم دەبێتەوە بۆ 21٪ کچان زانیاریان هەیە بە نیشانەکانی بالغ بوونی نێر.

رێژەی کچانی تەمەن ( 10-14 ) ساڵی ئەوانەی کە بە نیشانەکانی بالغ بوون دەزانن نێر / مێ بە پێی پارێزگا

| دابەشبوونی جوگرافی | نیشانەکانی بالغ بوونی مێ | نیشانەکانی بالغ بوونی نێر |
|---|---|---|
| دهۆك | 38.0 | 38.6 |
| سلێمانی | 44.7 | 47.3 |
| هەولێر | 68.0 | 63.3 |
| هەرێمی کوردستان | 52.4 | 51.7 |

داتاکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە کچان لەگەڵ ئەوەن کەزوو هاوسەرگیری بکرێت هەرچەندە باسکرا کە تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری کچان 22 تا 24 ساڵە، هەرچەندە ئەو کچانەی کە پەیوەندیان کردووە بە خوێندن یان شارنشینن تەمەنیان گەورەترە لەو کچانەی هاوتەمەنی خۆیان کە پەیوەندیان نەکردووە بە خوێندن یان گوندنشینن .

لە هەرێمدا هاتووە کە کچان دەیانەوێت مام ناوەند بن لە وەچەخستنەوە ئارەزوویان نزیکەی سێ منداڵە وە هەمان ئارەزوو لە ژمارە لە پارێزگای سلێمانی هەرچەندە دەگاتە چوار منداڵ لە هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك بەمەش ئاماژە دەکرێت لەوانەیە ئاستی توانای وەچەخستنەوە بە بەرزی بمێنێتەوە.

## 4- تەندروستی وەچەخستنەوە (الصحة الانجابية)

### 4 - 1 تەمەن لە هاوسەرگیری یەکەم وە سەرەتایی وەچەخستنەوە.

تێبینی ئەوە دەکرێت کە سێ ئافرەت لە نێو هەر دە ئافرەت کە چاوپێکەتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە وە تەمەنیان لەنێوان 20 تا 49 ساڵیدایە هاوسەردارن یان ئەوانەی کە پێشتر هاوسەرگیریان کردووە و سەرتای ژیانی وەچەخستنەوەیان دەست پێکردووە بۆ یەکەم جار شوودەکەن پێش هەژدە ساڵی .داتاکان دەریا نخستوە کە مێینە بەگشتی لە هەرێم شوودەکەن بە نزیکەی لە نێوەندە تەمەنی 26 ساڵی .

نێوەندە ژمارەی ساڵەکانی سەڵتی بە پێی جۆر و ناوچە




داتاکان ئاماژە دەکەن کە نزیکەی 6٪ لەگشت کچانی تەمەن (15 – 19) ساڵی کە ژیانی وەچەخستنەوەیان دەست پێ کردووە، دایکن یان دووگیانن بۆ یەکەم جار، وەئەم ڕێژەیە زیاد دەکات لە پارێزگای سلێمانی (6.5٪) بە بەراورد لەگەڵ پارێزگای هەولێر (5.7٪) وە پارێزگای دهۆک (3.3٪).

### 4 - 2 توانای وەچەخستنەوە (الخصوبة)

تێبینی دەکرێت لە ڕووپێوەکە (10.9٪) ئافرەتان دووگیان بوونە لەکاتی ڕووپێوەکەدا، وە ئەم ڕێژەیە بەرزترە لە پارێزگای دهۆک (14٪)، وە گەیشتنی نیوەندە ژمارەی لەدایکبووانی زیندوو بۆ ئافرەتانی تەمەن (45 – 49) ساڵی وەک پێوەر بۆ توانای وەچەخستنەوەی تەواو نزیکەی (6) لەدایکبوونە.

### 4- 3 بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕێکخستنی خێزان

ئەنجامەکان دەریا نخستووە کە (5) ئافرەت لە نێوان هەر دە ئافرەت لە تەمەنی (15 – 49) ساڵی شوویان کردوە لەکاتی ڕووپێو هۆکارەکانی ڕێکخستنی خێزانیان بەکارهێناوە وە نزیکەی نیوەی ئەمانەی هۆکاریان بەکارهێناوە هۆکاری نوێیان بەکارهێناوە. وە هاتووە هۆکاری لاسایی (کۆندۆم) هۆکارێکە زۆر بەکارهاتووە بەڕێژەی 39.9 ٪ پاشان بەستن دێت بەڕێژەی 21٪ وە بە پلەی سێیەم حەب دێت بەڕێژەی 16.2٪.

ڕێژەی ئافرەتانی (15-49) ساڵی هاوسەردار ئەوانەی هۆکارەکانی ڕێکخستنی خێزانیان بەکارهێناوە لە کاتی ڕووپێو بە پێی پارێزگا




ئەنجامەکان دەریا نخستووە کە 13٪ لە ئافرەتانی هاوسەردار ئەوانەی هۆکاری ڕێکخستنی خێزانیان بەکارهێناوە پێشتر ڕایانگرتووە لە کاتی ڕووپێیوو، وە بەرێژەی 31.2٪ ئەوانەی کە هۆکاری ڕێکخستنیان ڕاگرتووە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ئارەزووی منداڵبوونێکی دیکەیان هەیە وە نزیکەی 16٪ بەهۆی ئازارچەشتن لە کێشەی تەندروستی هۆکاری ڕێکخستن بەکاردەهێنن.

## 4 - 4 تێروتەسەلی وەچەخستنەوە ( تفصيلات الا نجاب )

داتاکان ڕوونیان کردۆتەوە کە نزیکەی 34٪ ی ئافرەتانی شووکردوو ئارەزووی منداڵبوونێکی دیکەیان هەیە کە ڕێژەی بەرزیان دەگاتە ( 59.1٪ ) لە نێوان ئافرەتانی تەمەن بچووک ( 15 – 24 ) ساڵی. ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان نیە لەژیاندا وە ئارەزووی منداڵبوون دەکەن نزیکەی دەکاتە پێنج ئەوەندەی هاوشێوەی نێو ئەو ئافرەتانەی خاوەن پێنج منداڵ یان زیاترن لە ژیاندا.

ڕێژەی ئافرەتانی (15 - 49) ساڵی کە شوویانکردووە لەکاتی ڕووپێو ئەوانەی کە ئارەزووی وەچەخستنەوەی زیاتریان هەیە بە هەمان ژمارەی منداڵانی تری کەلەژیان




ووردبوونەوە لە ئافرەتانی دوو گیان کە دەبینین زیاتر لە سێ چارێك ئارەزوویان لەم دووگیانیە نیە، کەمێکیان نەدەتوانرا دیاربکرێن کە ئارەزوومەندن یان نا.

دابەشبوونی ڕێژەیی ئافرەتانی (15– 49) ساڵی دووگیان بە پێی ئارەزوو لەو دووگیانیەدا




## 4-5 چاودێری دایکان

**چاودێری لەکاتی دووگیانی :** چاودێری کراوە نزیکەی نۆ ئافرەت لەنێو دە ئافرەت کە دوا دووگیانن لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو پێش ڕوویێو لەلایەن کەسی شیاو. وە ئەم ڕێژەیە بەرزترە لە پارێزگای سلێمانی دەگاتە (96.6٪)، وە ڕێژەی ئەوانەی چاودێریان کراوە لەلایەن کەسی شیاو کەم دەبێتەوە هەرچەندە ژمارەی لەدایك بوون زیاد بێت. وە لەنێوان ئەوانەی چاودێری دووگیانیەکەیان کراوە 60٪ نزیکەی  چوار جار هەڵسان بۆ سەردانی یان زیاتر بۆ بەدواداچوون وە ئەم ڕێژەیە جیاوازە بە پێی پلەی لەدایك بوونەکە.

ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کەبەلایەنی کەم چوار جار سەردانیان کردووە لەنێو ئەو ئافرەتانەی کە وەچەی زیندویان ناوەتەوە ماوەی 5 ساڵی ڕابردوو پێش ڕوویێو وە سەرنجی ئەم دووگیانەمان داوە بە پێی پلەی لەدایك بوونەکە




**چاودێری لە کاتی منداڵبوون:** ڕێژەی لەدایکبوون لە دەزگا تەندروستیەکان گەیشتۆتە نزیکەی (78.8٪) وە بەرزترە لە پارێزگای دهۆك (87.8٪). داتاکان ئاماژە دەکەن کە 9 لە 10 ی ئەو منداڵبوونانە لە 5 ساڵی ڕابردوو  پێش ڕوویێو لەژێر چاودێری کادری پزشیکی شیاو بوونە لەناوەوە یان لەدەرەوەی دەزگا تەندروستیەکاندا وە ئەم ڕێژەیە بەرزترە لە پارێزگای سلێمانی (96.7٪) وە هەروەها ئەم ڕێژەیە لەنێو ئافرەتانی هەڵگری بڕوانامەی زانستی (94.7٪) بە بەراوورد لەگەڵ ئافرەتانی بێ بڕوانامە (77.6٪).

**چاودێری دوای منداڵبوون:** کەمبوونەوەی ڕێژەی چاودێری دوای لەدایك بوون لەنێوان ئافرەتانی (15– 49) ساڵی ئەوانەی کە منداڵی زیندویان بووە لەماوەی 5 ساڵی ڕابردوو پێش ڕوویێو، وە ڕێژەی ئەوانەی کە چاودێری کراون لە دوای منداڵبوون لەلایەن کادری پزیشکی شیاو نزیکەی (57٪)، وە هۆی نەبوونی چادێری زیاتر (60٪) ی ئەوانە چاودێری نەکراون دوای منداڵبوون لەبەر نەبوونی چاودێر، لە کاتێکدا ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە دوچاری گرفتی تەندروستی بوونەتەوە لە ماوەی (نفاس) شەش هەفتەی یەکەم  دوای منداڵبوون) دەگاتە (22٪)، ئەوانەی کە دوچاری ئێشی بەشی خوارەوەی سك لەگەڵ تا بوونە ڕێژەیان (11.5٪) وە بەرێژەی (9.4٪) دوچاری ئێش بوونە لەکاتی میزکردن لەگەڵ تا، وە بەنزیکەی  (78٪) لەنێوان ئەوانەی کە دوچاری هەر کێشەیەکی تەندروستی هاتوونە لەماوەی (نفاس)  چاودێری تەندروستی یان وەرگرتووە لەلایەن کادری پزیشکی شیاو.

## 4-6 نەخۆشیەکانی پەیوەست بە وەچەخستنەوە

ئەنجامەکان ئاماژە دەکەن کە 23.2٪ لە ئافرەتانی (15-49) ساڵی ئەوانەی کە منداڵی زیندوویان بووە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو پێش ڕووپێو گرفتی توشبوون بە نیشانەکانی لەدەستدانی منداڵدان یان هەیە، وە 12.9٪ توشی خۆڕانەگرتن و بەسەرخۆزاڵنەبوونی ڕێڕەوی میز بوونە، وە نزیکەی 26٪ توشی ئازار و سووتانەوەی ڕێڕەوەکان و گرفتی نائاسایی ڕژێنەکان و هەوکردنی منداڵدان هاتوون.

سەبارەت بە گرفتەکانی سووڕی مانگانە لەماوەی سێ مانگی ڕابردوو پێش ڕووپێو گرینگترین گرفتەکان کەدوچاری ئافرەتان دەبێت ناڕێکی سووڕەکەیە (21.2٪) وە ژانی توندی هاودەم (17.4٪).

## 4 – 7 چاودێری تەندروستی

ئەنجامەکان دەریانخستووە کە زۆرینەی لە ئافرەتان بەرێژەی (91.9٪) دەچن بۆ دەزگا تەندروستیەکان لەکاتی پێویست ئاسایی یانە چاودێری تەندروستیان وەرگرتووە کاتێك دوچاری هەرکێشەیەك دەبنەوە و پێویستییان بەچاودێری دەبێت، وە ڕێژەی 56٪ دەچن بۆ دەزگا تەندرستیە تایبەتەکان.

**دابەشکردنی ئافرەتانی (15-49) ساڵی کە شوودارن یان کە پێشتر شوویان کردووە بە پێی ئەو شوێنەی کە هۆگرن بۆ چاودێری**




## 4- 8 نەخۆشیە گوازراوە ڕەگەزیەکان

وادادەنرێت نەخۆشیە گوازراوە ڕەگەزیەکان بناسرێ وە چۆنیەتی دوورکەوتنەوە لە تووشبوون و خۆپارێزی لێی کارێکی پێویستە. وە ئەنجامەکان ئاماژە دەکەن کە ئافرەتانی (15-49) ساڵی کە شویانکردووە یان پێشتر شویانکردوە هێشتا زیاتر پێویستیان بە زانیاری هەیە دەربارەی ئەم نەخۆشیانە، وە نزیکەی 62٪ زانیاریان هەیە دەربارەی ئەم نەخۆشیانە وە نزیکەی 59٪ دەربارەی ئایدز دەزانن کەباسکرا، وە 88.5٪ لەوانە پێیان وایە کە تەلەفزیۆن گرینگترین سەرچاوەی ڕاگەیاندنە کەزۆرترین زانیاریان بەدەست هێناوە دەربارەی ئایدز، لەکاتێکدا 27.2٪ دەڵێن ڕادیۆ وە 22.9٪ قسەو گوفتاری هاوڕێیان و خزم و کەس وەك سەرچاوەیەکە بۆ ناسینی نەخۆشیەکە وە 21.3٪ دەڵێن ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان. وەکو تێبینی دەکرێت نزیکەی نۆ ئافرەت لەنێوان هەردە ئافرەت نەخۆشی ئایدز دەناسن. وە هەروەها دەکرێت دوورکەونەوە لێی لە ڕێگای دوورکەوتنەوە لە سەرجێیی کردن لە دەرەوەی سنوری هاوسەرگیری وە بەرێژی 27.4٪ ئافرەتان دەڵێن دەکرێت دوورکەونەوە لێی لەڕێگای دوورکەوتنەوە لە گواستنەوەی خوێن.

## 5- توانای ئافرەت و پارێزگاری لەتوندو تیژی

### 5-1 بەشداری ئافرەت

بەشداری ئافرەت لە بڕیارەکان کە تایبەتە بەخۆیی و خێزانەکەی وە بەشداربوونی کۆمەڵگەیی و ڕامیاری هەنگاوی گرنگن بۆ پێگەیاندنی تواناکانیان. داتاکان دەریانخستووە شەش ئافرەت لەنێو هەر دە ئافرەتدا لەتەمەنی (15- 54) ساڵی کەخوێندنیان تەواو نەکردووە کەئارەزوویان لێی بوو وە دوو ئافرەت لەنێو ئەم شەش ئافرەتانە هۆیەکەیان گەڕاندۆتەوە بۆ ڕێگە پێنەدانی خێزانەکانیان، وە نزیکەی پێنج لەوانە هۆیەکەیان گەڕاندۆتەوە بۆ نەتوانینیان لە بەردەوام بوون لەفێربوون. لە 13٪ لەئافرەتان باسیان کردووە کە جیاوازی هەیە لەنێو خێزانەکانیان بە بەرژەوەندی نێرەکان کە تایبەت بە بەشداربوون لەبڕیارەکانی نێو خێزان. بەڵام بۆ بەشداربوونی لەیانەی کۆمەڵایەتی یان سەندیکای پیشەیی یان سەنتەرەکانی لاوان یان پارتەکان یان کۆمەڵە مرۆییەکان کە دەبینین ڕێژەکە تەنها دەگاتە 7.9٪، وە نیوەی بەشدار نەبووان هۆیەکەیان گەڕاندۆتەوە بۆ نەبوونی کات ، وە نزیکەی 23٪ هۆیەکەی بۆ نەبوونی سەنتەرێکی نزیکە.

بەڵام تایبەت بە بەشداربوونی ڕامیاری، بینرا زۆربەی ئافرەتان بەڕێژەی (95.1٪) لەسەر ئافرەتە بەشدار بێت لە هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن وە هەروەها سەبارەت بە بەشداربوونی وەك پاڵێوراو لەهەڵبژاردنەکان ڕێژەکەی (92.8٪).

ئافرەتان بەڕێژەی 37٪ وادەبینن کە ئافرەت پێویست ناکات بەشداربێت لەهەڵبژاردنەکان بە هەر شێوەیەك، چونکە پێیان وایە ئەم کارە تایبەتە بە پیاوان، هەروەها نزیکەی 23٪ ی ئەوانەی کە ڕەتیان کردۆتەوە وای دەبینن کە هەڵبژاردنەکان پێویست نیە.

وە تێبینی زیادبوونی ڕێژەی بەشداری کردنی ئافرەتان کراوە لەهەرێم لە پرۆسەی هەڵبژاردن لەبازنەی هەڵبژاردنەکان و ڕا پرسی کەوا ئە نجامدرا لە ساڵی 2005 تاکو 2010 وە ڕێژەی بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی ئە نجومەنی پارێزگاکان ساڵی 2009 تێپەڕاندووە بەنزیکەی چوار – یەك.

ڕێژەی ئافرەتی (15- 54) ساڵی بە پێی بە شدار بوونیان لە هەڵبژاردنەکان




دەبینرێت کە شەش ئافرەت لەنێو هەر دە ئافرەت وادەبینن کە یەکسانن لەگەڵ پیاوان بەتەواوی لە ئەرکەکان و ما فەکان لەکاتێکدا سێ لەوانی تر وادەبینن یەکسانیەکە بەشێوەیەکی کەمە یان یەکسان نینە، وە بەنزیکەی 45٪ لە ڕێژەی کۆتایی هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە پیاوان زیاتر بەبەرپرسیاریەتی هەڵدەستن وە بەڕێژەی 43٪ دەڵێن (الرجال قوامون على النساء)

## 2-5 بیرو ڕاکان ڕووەو توندوتیژی

ئەنجامەکان دەریانخستووە کە ڕێژەیەکی زۆر لە ئافرەتان پێیان وایە هەندێ هەڵسوکەوت کە دەکرێ لەلایەن مێرد بە توندوتیژی هەژماردەکرێ بە پێی پۆلێنی نێودەڵەتی، وادەبینرێ کە 70٪ ی بە توندوتیژی دەزانن لەبەر بێ بەشکردنی لەڕووی ماديً یان بەکارهێنانی موڵك وسامانی ئافرەت بەبێ ئاگایی ئەو، یان قەدەغەکردنی لەسەردانی کەس وکاری.

**ڕێژەی ئافرەتانی (15-54) ساڵی ئەوانەی کە باسمان کردن، هەندێك هەڵسوکەوت بە توندوتیژی هەژماردەکەن**




دەربارەی سەرچاوەکانی توندوتیژی دژی ئافرەت، دەبینین کە نزیکەی لە 77٪ باسکراوە کە هاوسەر سەر چاوەی توندوتیژیە هەمووکاتێ یان هەندێجار وە هەروەها بەڕێژەی 63٪ لەو ئافرەتانەی کە باسمان کرد باوکان بە سەرچاوەی بۆ توندوتیژی دەزانن هەمووکاتێ یان هەندێجار .

**ڕێژەی ئافرەتانی (15-54)ساڵی ئەوانەی باسکرا کە کەسانێکن هەمووکاتێ یان هەندێجار شێوە سەرچاوەی توندوتیژین لەدژی ئافرەتانی ووڵات**




**بەڵام سەبارەت بە شوێنەکان کە ئافرەتان تێیدا دوچاری توندوتیژی دەبنەوە هەمووکاتێ یان هەندێجار، دەبینین کە ماڵەکان لە پێشەوەی ئەو شوێنانەیە پاشان شەقام و شوێنە گشتیەکان دێت.**

**ڕێژەی ئافرەتانی (15-54) ساڵی کەباسکرا ئافرەتانی ووڵات هەمووکاتێ یان هەندێجار دوچاری توندوتیژی دەبنەوە بە پێی شوێن**



## 5 – 3 توندوتیژی دژی ئافرەت

### توندوتیژی لە لایەن هاوسەر:

ئە نجامەکان دەریا نخستووە کە پێنج ئافرەت لەتەمەنی (15 – 54) ساڵی شووکردوە لەکاتی رووپێوو دوچاری توندوتیژی دەروونی یان واتایی (معنوی) بوونەتەوە لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە لە ماوەی ساڵی رابردوو پێش ڕووپێوو کە ئەم جۆرە توندوتیژیانە دەنوێنێ لە سوکایەتی پێکردن و ترساندن و هەرەشە و زاڵبوون بەسەری و چاودێری کردنی کردارەکانی بە بەردەوامی، وەباسکراوە بەرێژەی 3.1٪ ئافرەتان کە توندوتیژی جەستەیی یان بەرامبەر ئە نجامدراوە لە هەمان ماوە، وە بەرێژەی 7.3٪ دوچاری توندوتیژی ڕەگەزی بوونەتەوە لەلایەن هاوسەرەکانیان. وە تێبینی جیاوازی دەکرێت لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

ڕێژەی ئافرەتانی (15-54)ساڵی شووکردووە ئەوانەی کە دوچاری توندوتیژی بوونە لەلایەن هاوسەرەکانیان لەساڵی ڕابردوو پێش ڕووپێو بە پێی جۆری توندوتیژی و پارێزگا




لە ئە نجامی هەڵسوکەوتی هاوسەرەکان ئافرەتان توشی بریندار‌بوون و ڕووبەڕووی دەردەسەری جۆراو جۆر دەبنەوە، کە تێبینی دەکرێت 37.1٪ ئافرەتان دوچاری توندوتیژی جەستەیی بوونەتەوە لەلایەن هاوسەرەکان لەساڵی ڕابردوو پێش ڕووپێو کە دوچاری برین و چرنوکە و ڕووشان یان ئێش و ئازار بوونەتەوە وە ڕێژەی توندوتیژی ڕەگەزی گەیشتۆتە 17.5 ٪.

### توندوتیژی لە شوێنەکانی تر.

داتاکان ئاماژە دەکەن نزیکەی 12٪ لەئافرەتانی تەمەن (15 – 54) ساڵی دوچاری توندوتیژی ووتەیی یان جەستەیی یان ڕەگەزی بوونەتەوە لە شەقام یان شوێنی بازارکردن یان لەلایەن پۆلیس یان هۆیەکانی گەیاندن یان شوێنە خزمەتگوزاری و حکومیەکان یان دامەزراوە فێرکاریەکان یان شوێنی کار. لەساڵی رابردو پێش ڕووپێو، ئەم ڕێژەیە دەگۆڕێت لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر .

ڕێژەی ئافرەتانی (15-54) ساڵی ئەوانەی دوچاری توندوتیژی ووتەیی/جەستەیی/ ڕەگەزی بوونەتەوە لەساڵی ڕابردوو پێش ڕووپێو لە شوێنی جیاجیاو بە پێی شوێن



## 5 – 4 ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی

ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سێ چارێك ئافرەتانی تەمەن (15 – 54) ساڵی دەچن بۆ لای کەس وکاریان لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی، بەڵام ئەگەر توندوتیژی بەردەوام بوو، ئەوە نیوەیان دەچن بۆ لای کەسوکاریان، لەکاتێکدا 22.4٪ دەچن بۆلای پۆلیس.

دابەش بونی ئافرەتانی (15 - 54) ساڵی بە پێی ئەو لایەنەی کە پەنای بۆ دەبەن لەکاتی بەردەوامی توندوتیژی




دەبینین کە نزیکەی 63٪ ئافرەتانی تەمەن (15-54) ساڵی تێکڕا متمانەیان بە پۆلیس هەیە پەنای بۆبەرن لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی، بەڵام زیاتر لە نیوەی ئافرەتان متمانەیان بە پۆلیس نیە لەبەر ئەوەی پۆلیس مایەی ئابڕووچوونی ئافرەتە

دابەشبوونی ئافرەتانی (15- 54) ساڵی ئەوانەی کە متمانە بە پۆلیس ناکەن وەك لایەنێك پەنای بۆبەرن لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بە پێی هۆ



## 6- بەساڵاچووان ( 55 ساڵ و زیاتر )

### 6-1 بارودۆخی تەندروستی

داتاکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بە ڕێژەیەکی کەم لەو ئافرەتانەی 55 ساڵ زیاترن بارودۆخی تەندروستیان زۆر باشە یان نایابە لەکاتێکدا زیاتر لە سێ یەکی ئەم ئافرەتانە بارودۆخی تەندروستیان زۆر خراپە یان خراپە.

دابەش بوونی ئافرەتانی ( 55ساڵ زیاتر ) بە پێ ھەڵسەنگاندنی بارودۆخی تەندروستیان




داتاکان وایان دەرخستووە کەچوار-یەکی لەم ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە 55 ساڵ زیاترە نارازین لەژیانیان بەشێوەیەکی گشتی کە لە 12 مانگ پێش رووپێوو، وە بەرێژەی 25.8٪لە ئافرەتانی بەساڵاچوو پێویستیان بە یارمەتی ھەیە بۆ کارو پێویستی رۆژانە وەك خواردن وخواردنەوە و جل و بەرگ و سەرئاوکردن یان یارمەتی تەندروستی کە رێژەی 79.4٪ یان ئەم یارمەتیە لەلایەن یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەی پێشکەشکراوە، لەکاتێکدا رێژەی 15٪ یان ئەم یارمەتیانەیان دەست ناکەوێ وەك ئەوەی کە پێویستیانە.

دابەشبوونی رێژەی ئافرەتانی ( 55 ساڵ زیاتر ) ئەوانەی کە پێویستیان بە چاودێریی تەندروستی بووە لەدام ودەزگای حکومی بۆیان کراوە بەلام بەدژواری بە پێی ھۆیەکانی کە لەدوای ئەمەن




دەرکەوتووە کە زیاتر لەنیوەی ئافرەتانی 55ساڵ زیاتر پێویستیان بە چاودێری تەندروستی ھەیە لە ماوەی مانگی رابردوو پێش رووپێو لەئەنجامی ئێش و ئازار و نەخۆشی کە تووشی ھاتوون. وە 60 ٪ لەوانە دەستیان کەوتووە لەھەر دەزگایەکی تەندروستی حکومی، بەڵام 48 ٪ ئەوانی تر کە بە دژواری چاودێری تەندروستی بەدەست دێنن بەھۆی سەرەکی لەبەر نەبوونی سامانی تەواو.

## 6-2 بارودۆخی کۆمەلایەتی

داتاکان دەریا نخستووە کە لەنیوەی کەمێك زیاتر ئافرەتان لە تەمەنی 55 ساڵ و زیاتر شوویان کردووە، لەکتێکدا ڕێژەی بێوەژن تیایاندا دەگاتە 44.9٪، هەروەها ئەو ئافرەتانەی لە نێو خێزان دەژین نێوەندە ژمارەی تاکەکانی نزیکەی 5 کەسە، داتاکان ڕوونیان کردۆتەوە کە هەندێ کار ئافرەتان توشی نیگەرانی دەکات لەو تەمەنە، لەبەر پێویستی بە چاودێری تەندروستی بەردەوام وە نەبوونی سامانێکی تەواو وەلێرەدا ناچاری جێهێشتنی شوێنی نشینگەی ئێستای دەکات بەهۆی بارودۆخی تەندروستی.

ڕێژەی ئافرەتانی (55 ساڵ زیاتر) ئەوانەی کەوا نیگەرانن بەشێوەیەك یان لە هەندێ کاروبار




ئافرەتان لەو تەمەنانە دوچاری هەندێ بارودۆخ بوونەتەوە لە ساڵی ڕابردوو پێش ڕووپێو لە ناو خێزان وەك سووکایەتی پێکردن یان فشاری دەروونی بەرێژەی نێوان 10.1٪ بەستراونەتەوە و سەربەست نین بۆ چوونیان بۆ هەر شوێنێك وە بەنزیکەی 20٪ی تەنها جێهێڵدراون.

ڕێژەی ئافرەتانی (55 ساڵ زیاتر) ئەوانەی کەوا ڕووبەڕووی هەندێ شت بوونە هەمووکاتێ یان هەندێجار لەبەر هەندێ بارودۆخی ناو خێزان لەساڵی ڕابردوو پێش ڕووپێوو



## 7- بیروڕاو بۆچوونەکان و بەشداری پیاوان .

لەو پرسیارانەی کە ئاراستەی پیاوان کراوە لەتەمەنی 18ساڵ زیاتر،  کە بیروڕایان  وایە بۆ ڕۆڵی سەرەکی ئافرتان، گشت وەڵامەکان گلدنەوەی ڕۆلیان خێزانیە بۆ ئافرەتان.

دابەش بوونی ڕێژەیی بۆ پیاوانی (18 ساڵ زیاتر ) بەڕای ئەوان  کەڕۆلی سەرەکی بۆ ئافرەت لە ژیاندا




وە پرسیاری دیاریکراو بۆپەیوەندیان بەئافرەت  تایبەت بۆ بنیاتنانی خێزان، ڕای نزیکەی 15٪ ئافرەتان شوێنکەوتەی ئارەزووی پیاوانن .وە ڕای سێ چارەکی بۆ بنیاتنان دەڵێن هاوبەشیتی و پشگیری یەکترن، وەپێنج پیاو دەبینرێت کە دەڵێن شوێنکەوتەی ئافرەتن، وە بە نزیکەی (71.1٪) ئافرەتان هاوبەشن لەگەڵ پیاو لە بنیاتنانی کۆمەڵگە، وە بۆ بەراوردی تواناکانیان زۆربەی پیاوان وای دەبینن کە سەرکەتوو ترن لەزۆر بوار وەك لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەڕێژەی (81.2٪) وە لەوان ڕامیاری نێودەوڵەتی و نیشتیمانی بەڕێژەی (73.6٪) سەرۆکایەتی خێزان بەڕێژەی (67.7 ٪) گرتنەدەستی پلەی ڕامیاری بەرز بەڕێژەی (76.1٪) جگە لەوانەی کە وادەبینن کە ئافرەتان دەتوانن کارگێڕی کاروباری ناوەوەی خێزان بکەن بەڕێژەی (75.7٪) وەپەروەردەی منداڵ بەڕێژەی (71.6٪) وە هەندێ شتی تر لەداتاکان دەرکەوتووە کە ڕێژەیەکی زۆر لە  پیاوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە مافی خۆیەتی لە هەندێ هەڵسوکەت ئەمەش توندوتیژی دەروونی و جەستەیی دەنوێنێ دژی ئافرەت. وە ئەم ڕێژەیە بەشێوەیەکی زۆر گەورە بەرز دەبێتەوە کاتێك وا دەبینن کە بەدڵنیایی وە دروستە  پیاو ئەم هەڵسوکەتانە بکات دژی ئافرەت کە ئەمەش جۆرێکە لە توندوتیژی.

ڕێژەی پیاوانی (18ساڵ زیاتر ) ئەوانەی جەخت لەوە دەکەنەوە کە  پیاو مافی خۆیەتی هەندێ هەڵسوکەوت بکات کە توندوتیژی پێوە دیاربێ دژی ئافرەت بە پێی جۆری توندوتیژی و پارێزگا

